دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧٠٩،هەینی ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستانی باشوور ٢

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ـەمین ساڵیادی شەهیدانی میکۆنۆس ٢

ڕاگەیەندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە بۆنەی ساڵی نوێی خوێندن ٣


خەباتی کورد لە خۆرهەڵات خەباتی نەتەوەیەکی... ٥


ئیرادەی خەڵکی کورد لە باشوور... ٦


شەرەفکەندی و ڕاسان ٧


ئەحمەد شێربەگی: دوکتور سەعید پێی وابوو کە هەر ... ١٠

## پەیڤ

### دەوڵەتی کوردستان، کیانێک بۆ ژیانی سەربەست

**کەریم پەروزی**

ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان کە بڕیاریان داوە لە ٢٥ی سێپتامبر، ٣ی ڕەزبەر بەڕێوەی ببەن، هەنگاوێکی مێژوویی کوردستانی باشوورە بۆ نزیکبوونەوە لە ئاواتێکی لەمێژینەی کورد و دووبارە بونیاتنانەوەی کیانێکی نەتەوەیی کە دوای کۆماری کوردستان و ئەزموونی هەرێمی کوردستان هەم درێژەدەری ئەو ڕێگایە و هەم گەشەکردنی ڕەوتی مافخوازیی کۆمەڵگایەکە کە سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپە مێژوویی و ستراتێژیک و ناوچەییەکان، قۆناغێکی گرینگ و بنەمایی دەبڕێ و ئیتر لێرە بەدواوە، کتێبە مێژووییەکان بەرگە هەنووکەییەکان تەواو دەکەن و بەرگی نوێ دەست پێدەکا.

ڕیفراندۆم و ڕاوەرگرتن لە خەڵکی دانیشتووی هەرێمێک بۆ ئەوەی بە بەرچاوی هەموو دونیاوە، بزانن کە ئەو خەڵکە چییان دەوێ و لەو خەڵک و کۆمەڵگایە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسیان پرسیار دەکرێ، دیاردەیەکی دێموکراتیک و سەردەمیانەیە و ڕێزگرتنە لە ئیرادەی کۆمەڵگا و هاوکات شێوازێکی مۆدێڕن و سەردەمیانە و ئاشتیخوازانەیە بۆ دەنگ هەڵبڕینی گەلێک. لە مێژوودا و لەئێستا و داهاتووشدا زۆرجار نەتەوە و گەلانی جیهان بۆ ئەوەی رای خۆیان و ویستەکانیان دەرببڕن، ڕێگایان لێ گیراوە و دەگیرێ و زۆر جار ناچاریان کردوون و دەیکەن کە پەنا بۆ شێوازی توندوتیژانە بۆ دەربڕینی خۆیان و سەلماندنی ئیرادەی خۆیان ببەن. بەڵام ڕیفراندۆم ئاشتیخوازانە و ڕەواترین شێوازە کە تەنیا سەرەڕۆ و داگیرکەر و تاوانکارەکان دژایەتیی دەکەن و کۆماری پەتوسێدارەی ئیسلامییە کە بە ڕوونی و بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە دژی ڕاپرسی لە گەلێک، هەڕەشە دەکا و دژی دەوەستێتەوە.

جیا لە خودی پرسی ڕیفراندۆم، ئاکامی ئەو ڕیفراندۆمە، هەڵگری مانا و واتای گرنگە و مەبەستی سەرەکی کە هێزە سیاسیەکان بەرەو چنینەوەی ئەو ئاکامە هەوڵ دەدەن جێگای بایەخی ئەساسییە، ئەویش سەربەخۆبوونی نەتەوەیەک و لەدایکبوونی کیانێکی نوێ و دامەزراندنی دەوڵەتە کە لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا سەرێک بە سەران زیاد دەبێ.

سەربەخۆیی کوردستانی باشوور و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەو بەشە لە نیشتمان، باڵاکردنی ئیرادەیەکی مافخوازی و ئۆگریی بۆ سەربەستی و ڕزگارییە کە خەڵکێک

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بووژێنەرەوەی کۆماری کوردستانە



ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، کارنەڤاڵی پشتیوانی لە ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ناوەندی ٣ی کوردستان کە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕێکخرا بوو بە بەشداریی، ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵە، هونەرمەندانی ناوداری کوردستان، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە پەیمان نوێ کردنەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کوردستان بەڕێوەچوو.

دەستپێکی ئەو کارنەڤاڵە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد وکوردستان دەستی پێکرد.

پاشان مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی لە سەربەخۆیی کوردستان دەربڕی.

ناوبراو لە بەشێک لە قسەکانیدا باسی لە زوڵم و زۆرییە بەردەوامەکانی داگیرکەران دژ بە گەلی کورد کرد و وتی:" ڕێژیمەکانی سەرەڕۆ کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە هەمیشە تێکۆشاون کوردەکان لە مافی خۆیان بێبەش بکەن."

هەروەها وتی: "ئێستاش کە بەخۆشییەوە لە سایەی تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور دەرفەتێک پێکهاتووە کە خەڵک بە ئازادی لە شێوەی دێموکراتیک و ناسراوی دەنگدانی گشتی کەڵک وەرگرێ بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی چاومان لێ سوور دەکەنەوە، نەسیحەتمان دەکەن کە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە و دەڵێن بە زەرەری کورد تەواو دەبێت. ئێمە دەڵێین ئێستا باشترین و گونجاوترین کاتە بۆ ئەوەی کورد دەنگ بدا بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی لەو بەشەی کوردستاندا".

هەروەها ئاماژەیان بەوە کرد کە دوژمنانی کورد لە دوور و نزیک پێیان وابووە کە بە سێدارە، بە قەڵاچۆ کردن، بە زیندانی کردن و تۆقاندن کورد لە مافی خۆی دەست هەڵدەگرێت و تەسلیمی ئیرادەی ئەوان دەبێت. بەڵام لەو ماوە کورتەدا کوردەکان نیشانیاندا کە حیسابی دوژمنان لەسەر کورد هەڵەیە. ئێستا هەڕەشەی داخستنی سنوور و دەستێوەردان لە کاروباری باشوور دەکەن ، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو زەبر و زەنگانە ئەگەر بتوانن بیخەنە سەر کوردستان، تاقیکارییەکن کە لەمێژە نەتەوەی کورد لەو تاقیکاریانەدا سەرکەوتوو بووە.

پاشان هونەرمەندی ناوداری کورد "شوان پەروەر" چەند وتەیەکی لە سەر سەربەخۆیی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

دواتر مامۆستا "بێبەش" چەند پارچە شێعری لەبارەی سەربەخۆیی کوردستان پێشکەش بە بەشداربوونی کارنەڤاڵەکە کرد.

دواتر "کۆما سەرخابوون" گرووپی مووسیقی ڕۆژئاوای کوردستان بە سەرپەرەستیی هونەرمەند "ئەحمەد عەکاش" چەند پارچە موزیکیان لەسەر ڕێفراندۆم پێشکەش کرد.

خاتوو "گوڵباخ بەهرامی" لەم کارناڤاڵەدا پارچە شێعرێکی پێشکەش کرد.

دواتر هونەرمەند "برادەر" چەند سروودێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد کە پیشوازییەکی بەرچاوی لەلایەن بەشداربووانی کارنەڤاڵەکە لێکەوتەوە.

هەروەها منداڵانی ناوەندی نێرگز لەو کارنەڤاڵەدا گۆرانییەکیان لەژێر ناوی "بەری بەیانە" پێشکەش کرد.

کارنەڤاڵەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی گرووپی هەڵپەڕکێی "تیشک" سەر بە کۆمیسیۆنی پەروردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران کۆتایی پێهات.

پێویست بە ئاماژەیە کە چەندین حیزب و لایەنی سیاسی پەیامیان بۆ ئەم کارنەڤاڵە بەڕێ کردبوو کە بریتین لە:

- لقی ١٦ی پارتی دێموکراتی کوردستان
- بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی بەحرەکە
- بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بەحرەکە

HDP، PDK – T ،HAK-PAR، PYD ،PDKS، PSK، ENKS

بنەماڵەی شەهیدانی قەرەسەقەڵ و کۆساڵان

پەیامی هێزی تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"؛ دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کارنەڤاڵی ئاماژەبۆکراودا لەم ژمارەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.**



# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستانی باشوور

هاونیشتمانیانی بەڕێز!
نەتەوەی مافویستی کورد!

بڕیاری سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێفراندۆم لە ٢٥ی سێپتامبردا، بڕیارێکی نەتەوەیی و پێداگری لە سەر مافێکی ئینسانی و داوایەکی ڕەوای کوردە کە دەیان ساڵە لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا خەباتی بۆ دەکا و دەیەوێ خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا.

هاوکات لەگەڵ دێموکراتیک بوون و نەتەوەیی بوون و ڕەوایی ئەو مافە، شێوازی دەستەبەرکردنەکەشی کە لە ڕێگەی گشتپرسی لە کوردستاندا وەدی دێ، شێوازێکی دێموکراتیک و سەردەمیانە و ئاشتیخوازانەیە کە نیشان لە گەشەکردن و وشیاریی سیاسیی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان دەدا کە لە ناوچەیەکی لێوانلێو لە تێرۆر و ڕەشەکوژی و بیری دواکەوتوو و چەقبەستوودا، بیری سەردەمیانە و دێموکراتیکی هەیە و بە مێکانیزمی دێموکراتیک و پێشکەوتوانە دەیەوێ مافەکانی خۆی وەدی بێنێ و ئیرادەی نەتەوەیی و دێموکراتیکی بسەلمێنێ.

ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هەم پێشتریش بە ڕەسمی ڕامانگەیاندووە کە ئەو مافە بە مافێکی ڕەوای کورد لە کوردستانی باشووور دەزانین و هەم بە شێوەی جیددی پشتیوانی لە ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی باشوور دەکەین. لێرەدا وێڕای دووپاتکردنەوەی ئەو پشتیوانیە، ڕوو لە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەکوو بەشێکی ژێر ستەم بەڵام وشیار و لەسەرهەست وخاوەن بڕیاری کوردستان دەکەین کە:

یەکەم: لەم ڕۆژانەدا تاکوو ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بە هەرشێوەیەکی تەبلیغی کە بۆتان دەکرێ پشتیوانیی خۆتان لە ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانی باشوور دەرببڕن و لە ڕۆژی ئەنجامدانی ڕێفراندۆمیشدا بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و پۆشینی جلوبەرگی کوردی و ئامادەبوون لە شوێنە گشتییەکان بەو جلوبەرگ و ئاڵاوە، نیشان بدەین کە نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پشتیوان و هاوسۆزی یەکن.

دووهەم: هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات و لە کوردستانی باشوور بە هەرشێوەیەک کە بۆیان دەکرێ لە ئاهەنگ و هاندانەکان بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانی باشووردا حوزووری بەرچاویان هەبێ و بە هەڵگرتنی دروشمی پێوەندیدار یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنی پشتیوانییەکان بن.

سێهەم: بە وەڕێخستنی کەمپەینی تایبەت لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا و پڕوپاگەندەی تایبەت بەو بوارە، واژۆی پشتیوانی بۆ سەربەخۆیی کوردستانی باشوور کۆ بکەنەوە و لەو بوارەشدا دەوری خۆتان بۆ هاندان بگێڕن و یارمەتیدەربن بۆ گەیشتنی نەتەوەی کورد لە بەشێکی نیشتماندا بە مافە ڕەواکانیان.

سیاسەت و باوەڕی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانیەوە و لە بونیاتنانی کۆماری کوردستانەوە تاکوو ئێستا ئەوە بووە و هەیە کە کورد وەکوو یەک نەتەوە دەبینێ کە بە بێ ویستی خۆی خاکەکەی بە سەر چوار وڵاتدا دابەش کراوە و گەشەکردنی خەباتی کورد لە هەر بەشێکدا، بە سەرکەوتن و دەسکەوتی هەموو کورد دەزانێ . خەباتی کورد لە باشوور و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن و دەبێ پشتیوانی یەک بن بۆ هەرچی زیاتر گەشەکردن و نزیکبوونەوەیان لە ئاواتە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکان.

ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە کوردستانی باشوور بووژاندنەوەی کۆماری کوردستانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٥ی خەرمانی ١٣٩٦ی هەتاوی
١٦ی سێپتابری ٢٠١٧ی زایینی




# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران به بۆنەی ٢٥ـەمین ساڵیادی شەهیدانی میکۆنۆس




کوردستان سەر دانانەوێنێ"
ئازادیخوازانی ئێران!
هاونیشتمانیانی کوردستان!
تێکۆشەرانی دێموکرات!

٢٥ ساڵ پێش لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١، ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی زایینیدا تێرۆریستانی نێردراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێو دڵی ئورووپادا دەستڕێژیان لە هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد و بە خەیاڵی نگریسیان وایان دەزانی کە بەو کوشتارە دەتوانن سەر بە کوردستان دانەوێنن.

لەو کارەساتە مێژووییەدا دەستی ڕەشی تێرۆر، دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتیری گشتی، فەتاح عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوە، همایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و نووری دێهکوردی دۆستی کوردی لە بزووتنەوەی کورد ئەستاند. تێرۆرسیتانی نێردراو ڕق وبێزاریی پەنگخواردووی سەدان ساڵەی تاریکی پەرستی و دژەمرۆییان بەسەر هەیئەتێکدا ڕژاند کە هاتبوون تاکوو وێڕای بەشداری لە کۆبوونەوەی جیهانیی ئەنتێرناسیۆناڵ سوسیالیست، لە چەند کۆبونەوەی دیکەدا، هەوڵ بۆ پێکهێنانی یەکگرتوویی لە نێوهێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکانی ئێراندا بدەن ، بەو هیوایەی کە چەترێکی هاوبەشی خەبات بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی لە ئێراندا پێک بێت.

سەرانی ڕێژیمی دژە مرۆیی و سەرەڕۆی ئیسلامی لە تاران کە دەیانزانی هەوڵەکانی دوکتور سەعید شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دەتوانێ لە نێو ڕێکخستنە دێموکراتەکانی ئێراندا جێگە و پێگەیەک بدۆزێتەوە و پێگەی ڕێژیم لەرزۆک دەکا، پیلانی چەپەڵی تێرۆریستییان داڕشت و لەو شەوەی بێرلیندا، لە ڕێستۆرانێک بە ناوی میکۆنووس کە شوێنی کۆبوونەوەی هەیئەتەکان بۆ پەرەدان بە هیوای ئازادی لە ئێراندا بوون، دانیشتنەکەیان کردە ئامانجی گلاویان و تیمی تێرۆری نێردراوی ڕێژیمی تاران کۆبوونەوەکەیان دایە بەر دەستڕێژ و بەتایبەتی تەقەیان لە هەیئەتی حیزبی دێموکرات کرد و تیری ژەهری دڵنیاییان بە جەستەی دوکتور سەعیدەوە نا.

دوای ئەو تێرۆرە، دەزگای دادی ئاڵمان، بە هەوڵ و تێکۆشانی دادوەر و پارێزەر و کەسانی مرۆڤدۆست و دادپەروەر، لە ڕەوتێکی چەند ساڵەدا، پەروەندەکەی بە ئاکامی کۆتایی گەیاند و دادگای بێرلین، کە بۆ وەدواکەوتنی ئەو پەروەندەیە بە دادگای میکۆنووس ناوبانگی دەرکرد، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی هەرە بەرزدا بە بڕیاردەری ئەو تێرۆرە ناساند و فەرمانی دەستبەسەرکردنی بۆ دەرکردن.

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بە دوایەوە بوو، لەنێوبردنی مێشکی ڕێبەریی خەبات لە کوردستان و شکاندنی پشتی یەکگرتوویی خەباتی ئازادیخوازی لە ئێراندا بوو. هەر بۆیە دوکتور سەعیدیان بۆ لەنێوبردن دەستنیشان کردبوو تاکوو هەم ڕێکخراوە ئێرانیەکان لە نزیکبوونەوە پاشگەز بکەنەوە و هەم سەربە کوردستان دانەوێنن.

بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان بە پێچەوانەی ویستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چوونە پێش و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئە و حکوومە تە، وەکوو ڕێژیمێکی تێرۆریست ناسێندرا و هەم دەستی ڕەشی تێرۆری لە ئورووپا کورت بووەوە.

لەوەش گرینگتر درێژەدانی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران بوو کە هەرچەند دوکتور سەعیدی جێگرەوەی دوکتور قاسملوو بە جەستە لە کوردستان ئەستێندرا، بەڵام حیزب و خەباتەکەی بە پێوە مایەوە و هاوڕێ و هاوسەنگەرانی دوکتور سەعید و مامۆستاکەی، دوکتور قاسملوو، بە خەباتیان و بە هەڵگرتنی باری قورسی خەمی لەدەستدانی ئەوان و پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازەکەیان، پیلانەکانی کۆماری ئیسلامییان کردە بڵقی سەرئاو.

ئێستا و ٢٥ ساڵ بەدوای شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندیدا، کۆماری ئیسلامی هەرچەند بە ڕواڵەت دەیهەوێ سیمای هێزێکی ناوچەیی لە خۆی نیشان بدا و ساڵانێکە بە ناوی ئیدئۆلۆژیی ئیسلامییەوە بیرە چەقبەستووەکانی هەناردەی دەرەوە بکا ، بەڵام لە ڕاستیدا بەپێچەوانەی پڕۆپاگەندەکانی ئەو ڕێژیمە، ئێستا خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێکی ئاژاوەگێر دەناسێنن کە بە پەرەدان بە شەڕی مەزهەبی و توندڕەوی، دەیهەوێ کوشتار وماڵوێرانی لە ناوچە پەرە پێ بدا. ئێستا کۆماری ئیسلامی نەک بەهێز نەبووە بەڵکوو لە زەلکاوی دەستکردی خۆی لە ناوچە ڕۆچووە و ئەو ئاگرەی کە ناویتەوە، درەنگ یان زوو خۆی دەگرێتەوە.

لەنێوخۆی وڵاتیش ئەگەر ٢٥ ساڵ پێش ئیدیعای "سازەندگی" و دواتریش ئیدیعای "چاکسازی" دەکرد، ئێستا سەرتاپای ئێران ڕێژیمی تاران بە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکانی ژیانیان دەناسن و هەموو نەتەوەکانی ئێران بەگشتی بەو بڕوایە گەیشتوون کە تەنیا ڕێگەی ژیانی باشتر و چاکسازی لە ئێراندا نەمانی ئەم ڕێژیمەیە.

لە بەرەی بەرانبەریشدا، دوای ٢٥ ساڵ لە ڕووداوی کارەساتی ڕێستورانی میکۆنووس لە بێرلین و شەهیدبوونی دوکتور سەعید و هاوڕێیانی ئێستا دەبینین کە حیزبەکەی دوکتور سەعید لە قۆناغێکی نوێی خەباتدا، بە پێڕەوکردنی وانەکانی ئەو ڕێبەرانە، دەیهەوێ خەباتی شار و شاخ پێکەوە گرێ بدا و ڕاسانی ڕۆژهەڵات بووەتە ڕێبازی خەباتی ئەمڕۆ؛ هەر وەک دوکتور سەعید دەیگوت، بۆ بەڕێوەبردنی خەبات چ زۆرە ڕێگا. ڕاسانی ڕۆژهەڵات دەیهەوێ هەموو ئەو ڕێگایانە بکاتەوە کە بۆ گەشەکردنی خەبات پێویستن.

لە ڕەهەندێکی دیکەوە، هەموان دەزانن کە دوکتور سەعیدی ڕێبەر چەندە ئۆگری خەباتی نەتەوەیی و گەشەکردنی خەبات لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بوو و ئەو کات کە کوردستانی باشوور ئەزموونێکی نوێی تاقی دەکردەوە، دوکتور سەعید پاڵپشتێکی گەورەی خەباتی باشوور بوو و خەباتگێرانی کورد لە کوردستانی عێراق هەموو یارمەتی و ئۆگریەکانی دوکتور سەعیدیان بۆ خەبات و ئەزموونەکەیان لەیادە. ئێستا و لە ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور سەعیدی ڕێبەردا، دەبینین کە کوردستانی باشوور بەرەو ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی هەنگاو دەنێ و یەکێکی دیکە لە ئاواتەکانی دوکتور سەعید وەدی دێت.

خەباتکارانی کورد!

بەهەموو ئەو لاپەڕە گرینگانەی مێژووەوە و بە وەرد دانەوەی ئێستای ناوچە و کوردستان و خەباتی کوردەوە، کاتێک دووبارە دەچینەوە ئەو سەردەمەی کە کۆماری ئیسلامی دەیهەویست بە تێرۆرکردنی دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید و تێکۆشەرانی دیکەی کورد، چۆک بە خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد دابدا و کوردستان لە بەرامبەریدا سەر دانەوێنێ، ڕوونتر لە هەمیشە بەو بڕوایە دەگەین کە خەباتی کورد و بزاڤی نەتەوەیی دێموکراتیک لە کوردستان خەباتێکی ڕەوا و پشتئەستوور بە بڕوا و ئیرادەی نەتەوەیە و دڵنیا دەبینەوە کە کوردستان قەت سەردانانەوێنێ.

لە ٢٥ساڵەی یادی دوکتور سەعید و کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایوون ئەردەڵاندا، وێڕای پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێباز و باوەڕەکانیان، سڵاو بۆ گیانی پاکی هەموو شەهیدانی کوردستان دەنێرین.

نەمان بۆ ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی
سەرکەوتن بۆ خەباتی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی

٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٦



# ڕاگەیەندراوی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە بۆنەی ساڵی نوێی خوێندن



دەسپێکی وەرزی نوێی فێرخوازی و فێرکردن پیرۆز بێ

هاونیشتمانیانی بەڕێز،
خوێندکاران و مامۆستایانی ئێران،
خوێندکار و مامۆستایانی کوردستان،

ڕۆژی یەکی ڕەزبەر لە ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستاندا، وەکوو ڕۆژی کرانەوەی قوتابخانە و خوێندنگە و زانستگاکان دەناسرێ و سەرەتای هاتنی وەرزی پاییز لە ئێراندا دەسپێکی ساڵێکی نوێ و وەرزی زانست و خوێندنە و ئەم وەرزە لە بیرەوەی و کەلتووری کۆمەڵایەتیدا بۆن و بەرامەی خوێندن و فێرخوازیی بەخۆوە گرتووە.

لێرەدا پێویستە هاتنی ساڵی نوێی خوێندن بە هەموو قوتابی و خوێندکار و فێرخوازێک لە ئێراندا پیرۆزبایی بڵێین، چوونکە ساڵێکی دیکە لە پرۆسەیەکی گرنگی پێگەیشتن و فێربوون دەست پێ دەکەن. هەروەها پیرۆزبایی لە مامۆستایانی خوێندنگەکان و مامۆستایانی زانکۆکان بکەین کە ساڵێکی دیکەی بەڕێوەبردنی ئەرکی پیرۆزی مامۆستاییان دەست پێدەکاتەوە. بەتایبەتیش پیرۆزبایی لە هەموو فێرخوازان و قوتابی و خوێندکار و مامۆستایانی کورد بکەین چوونکە لە وڵاتی ژێردەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی تاراندا، ئەوان لە نێو نەتەوەی ستەملێکراوی کورددا ئەرکی گەورە و گرینگی فێربوون و فێرکردنیان لە ئەستۆیە کە ڕۆڵەکانی گەل بۆ داهاتووی وڵات بار دێنن.

پێویست بە ئاماژە و زۆر وردبوونەوە ناکا کە خوێندن و فێربوون لە هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەکدا چ دەورێکی بنەڕەتی دەگێڕێ و بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە زانیاری و زانست بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر گەشە دەکا و شۆڕشی بەردەوامی زانستی جیهان بە خێرا دەگۆڕێ، ئەو نەتەوانە سەرکەوتوو دەبن و دەمێننەوە کە لەگەڵ ڕەوتی گەشەکردنی زانست لە ئاستی جیهاندا، خۆیان ڕێک بخەن و بیر و هزر و پەروەردەی نەوەی نوێیان بەو پێیە بڕواتە پێش.

ئەوەی لە ئێراندا دەیبینین هەرچەند بە ڕواڵەت دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن، دەسپێکی ساڵێکی دیکە لە فێربوونی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگایە، بەڵام لەبەر بەلاڕێدابردنی سەرتاسەریی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەباتی نوێبوونەوەی بیر و هزری نوێی داهێنەرانە، هەوڵ دەدا کە پەروەردەی منداڵ و لاوانی ئێرانی، پەروەردەیەکی داخراو و چەقبەستوو بێ و بە بیری کۆن و دواکەوتووانە باریان بێنێ.

مامۆستایانی ئازیز ئێوە وەک توێژێکی زەحمەتکێشی کۆمەڵگا کە ئەرکی قورسی پەروەردەکردنی نەسڵی نوێی کۆمەڵگاتان لەسەر شانە، بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە شوێنی کارەکانتان بەرەوڕووی کێشەی زۆر بوونەتەوە و بەشی هەرە زۆری ئەو کێشانەش لە سیاسەتی ڕێژیم و جۆری ڕوانینی ڕێژیمەوە سەرچاوە دەگرێت بەرامبەر بە سیستمی پەروەردە و بارهێنان. بوونی ناوەندە ئەمنییەتییەکان و حەراسەت لە شوێنی کار، کەمبوونی حەقدەست و مووچەی کارکردن کە وادەکات بەشی هەرە زۆری مامۆستایان بۆ بژێوی ژیانیان ڕوو بکەنە کاری دووهەم و زۆر کێشەی‌تر لەشوێنی کارکردن بەشێک لەو کێشانەن. ئێمە وێڕای ڕێزگرتن لە هەوڵ و ماندوو بوونەکانتان، بوونی هێمنی و ئاسایش لە شوێنی کار و باشتر بوونی بژێوی ژیانتان بە مافی بێ ئەملاوئەولای ئێوە دەزانین.

جیا لە کۆی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لە ئێراندا، بوارێکی تایبەتیی دیکەی دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن، پرسی ئەو ژینۆسایدە فەرهەنگییە کە لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی شۆونیستیدا بەڕێوە دەچێ.

دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن، هەر چەند لە بواری فێربوون و زانستەوە دەورێکی گرینگی هەیە، بەڵام بۆ میلیۆنان ڕۆڵەی نەتەوە ژێرستەمەکانی ئێران، دەسپێکی کوشتاری فەرهەنگییە کە خوێندن بە زمانی دایکی و زمانی نەتەوەکەی خۆیان لێ قەدەغە دەکەن و بە زمانێکی دیکە کە بۆ ئەوان بیانییە، وانەیان پێ دەڵێنەوە.

لە ڕاستیدا منداڵانی نەتەوە ژێرستەمەکان لە ئێراندا و یەک لەوان نەتەوەی کورد، کە هەتا پێش دەسپێکی خوێندنی قوتابخانە بە زمانی دایکییان لە ماڵ و گەڕەک و لە نێو خەڵکی خۆیاندا دەدوێن و گوێبیستی دەبن، لە یەکەم ڕۆژی دەسپێکی خوێندنی فەرمیدا زمانی دایکییان دەبردرێتە کوشتارگەی فەرهەنگی و بە زمانێکی بۆ ئەوان بیانی پەروەردە دەکرێن.

هیواداریـن کە سیستمی دواکەوتوو و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی لەنێو بچێ، چوونکە تەنیا بە نەمانی کۆماری ئیسلامییە کە دەرگای سیستمێکی نوێ و ئەمڕۆیی پەروەردە دەکرێتەوە و دەرەتانی ئەوەش دەرەخسێ کە منداڵانی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە ئێراندا بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن.

جێی خۆیەتی لەم ڕۆژی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندنەدا، بە نیشانەی پارێزگاری‌کردن لە شوناس و کولتووری نەتەوەیی خۆمان وەک نەتەوەیەکی وشیار، بەجل و بەرگی ڕازاوەی کوردییەوە نەوەی نوێی ئەمڕۆ و خاوەنداری داوڕۆژو داهاتووی نەتەوەکەمان بۆ بەرەو زانستگا، قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن بەڕێ بکەین. هەوڵمان ئاخاوتن بە زمانی کوردی بێت و ڕۆژی کرانەوەی ناوەندەکانی خوێندن بۆ خوێندکاران و مامۆستایان بکەین بە کەرنەڤاڵی داکۆکی کردن لە شوناس و کولتووری نەتەوەییمان.

وێڕای پیرۆزبایی دووبارەی دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندن، بەهیوای گەشەکردنی کەلتووری مرۆڤدۆستی و داهێنەری لە ئێراندا و هاتنەدی سیستمێک کە چیدی هیچ جۆرە ژینۆسایدێکی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی تێیدا بەڕێوە نەچێ.

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی

## بەیاننامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆم

لە ڕاستای پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی، دەفتەری سیاسی بڕیاری داوە ڕێکخستنەکانی حیزب لە هەموو توانای خۆیان بۆ کاری تەبلیغی لە نێوخۆی وڵات بە بڵاو کردنەوەی دروشم و ئاڵای کوردستان کەڵک وەربگرن. داواتان لێ دەکەین ئەو پەڕی توانای تەشکیلاتی خۆتان بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنن و بە ناردنەوەی هەواڵ و ڕاپۆرت و وێنەی پەیوەندیدار بە چالاکییەکان، کۆمیسیۆنی لێ ئاگادار بکەنەوە.

کۆمیسیۆنی تەشکیلات
٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٦

## ڕوونکردنەوەی سکرتاریای حیزبی دێموکرات لەسەر باس و بابەتەکانی ماڵپەڕی "ڕۆژی کورد"

لە ماوەی ڕابردوودا، لە لایەن هێندێک لە حیزب، ڕێکخراوە سیاسییەکان، چالاکڤانانی سیاسی و مەدەنییەوە لەسەر باس و بابەتەکانی ماڵپەڕی "ڕۆژی کورد"، بە ئێمەوە پێوەندی گیراوە، نارەزایەتی دەردەبڕن و ڕەخنە لەو ماڵپەڕە دەگرن.

ئێمە بە پێویستی دەزانین هەموو لایەک جارێکی دیکە ئاگادار بکەینەوە، ئەو ماڵپەڕە پێوەندی بە ئێمەوە نییە و ئەو باس و بابەتانەی دەربڕی سیاسەت و ڕاوبۆچوونی ئێمە نییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتاریا
١٩ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی
١٠ی سێپتامبری ٢٠١٧ی زایینی

## ڕێبوارانی شەرەفکەندی یاد و ناوی ڕێبەرەکەیان بەرز ڕاگرت




ڕێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانان، ٢٥ـەمین ساڵیادی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کۆیە بەڕێوەچوو.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانان، ڕێوڕەسمی ٢٥ـەمین ساڵیادی تێرۆرکرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە ئامادەبوونی ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگەکان، بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها چەندین حیزب و لایەنی سیاسی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەسەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٥ـەمین ساڵڤەگەڕی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، لە لایەن "مستەفا هجیری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشکەشکرا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە قسەکانیدا وتی: "دۆسیەی دادگای میکۆنووس لە یەکەم حاڵەتەدا ڕێبەرانی پلەبەرزی ڕێژیمی ئێرانی وەکوو بکەرانی ئەو تێرۆرە ناساند و ئەو حوکمەی دادگا بوو بە هۆی ئەوەیکە دەستی ڕێژیمی ئێران لە درێژەی تێرۆرەکانی کورت بێتەوە. سەرۆکی دادگا لە حوکمەکەدا ئاماژەی بەوەدا کە تێرۆری ڤییەنیش هاوشێوەی تێرۆری بێرلین بووە".

هیجری هەروەها باسی لەوە کرد: "ئەگەرچی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران گوشاریان بۆ بەڕێوەبەرانی ئەو دادگایە دێنا تا لە درێژەدان بە دۆسیەکە دەست هەڵگرن، بەڵام حوکمی بوێرانەی دادگای میکۆنووس ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیمی ئێرانی پیشان دنیا دا".

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد: "ئەگەر دۆسیەی تێرۆری ڤییەن لە لایەن دەوڵەتی ئۆتریشەوە بەدوادچوونی بۆ کرابا، دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی تێرۆر نەدەکران".

مستەفا هیجری باسی لەوەش کرد کە: "دوکتور سادق شەرەفکەندی لە بنەماڵەیەکی هەژار چاوی بە دنیا هەڵێنا و سەرەڕای هەموو کەم و کورتییەکانی ژیانی توانی پلەی باڵای ئاستی زانستی ببڕێت و لە زانکۆی پاریس وانە بڵێتەوە و دواتر پەیوەست بە ڕیزەکانی پێشمەرگایەتی بێت و بە لێهاتوویی خۆیەوە ببێتە ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ و ڕاستەقینە".

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە کۆتایی قسەکانیدا باسی لە "ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور کرد کە ئەو هەڵوێستە نەتەوەییە مافی ڕەوای هەموو گەلێکی دنیا و یەک لەوان کوردە و هەروەها مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکێک لە بنەما و ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئێمەش بە هەموو تواناوە پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان و هەر ئاکامێکی کە لێ بکەوێتەوە،دەکەین".

پاشان سروودێک لەژێر ناوی "سادقی شەرەفکەندی" لایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا سروودێک لەژێر ناوی"ڕێبەرم" هۆنراوەی "عومەر غولامعەلی" لە لایەن کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان، خوێندکاران و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن "ئەمین ئیبراهیمی" بەرپرسی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانەوە پێشکەش کرا.

هەروەها بە بۆنەی ٢٥ـەمین ساڵیادی شەهیدانی بێرلین بڕۆشۆرێک لە بارەی ژیاننامەی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بڵاو کراوەتەوە.

لە دوایین بڕگەی ڕێوڕەسمەکەدا سرودێکی شۆڕشگێڕی لەژێر ناوی "شەپۆلی شین" هۆنراوەی "سەلام ئیسماعیل پوور" لە لایەن کۆڕی موزیکی حیزبەوە پێشکەش بە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

هەروەها چەندین حیزب و لایەنی سیاسی لە هەر چوار بەشی کوردستاندا لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداربوون کە بریتین لە:

- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
- پارتی دێموکراتی کوردستان
- حیزبی شیوعی کوردستان
- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان
- هاک پار (پارتی ماف و ئازادی)

هەروەها "کەماڵ بۆرکای" کەسایەتی سیاسیی باکووری کوردستان لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداری کردبوو.

**خوێنەرانی بەڕێزی «کوردستان» دەقی وتەکانی ڕێزدار مستەفا هیجری لەو ڕێوڕەسمەدا لە لاپەڕەی ٥ی ئەم ژمارەی کوردستاندا بڵاو کراوەتەوە.**

## درێژەی پەیڤ

بە ناوی نەتەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردستان دوای سەدان ساڵ ژێردەستی و سەرکوت و زەوتکردنی هەموو ماف و جەوهەری بوون و ژیانیان و خەوشدارکردنی ناسنامەی تاک و کۆ و کۆمەڵگایان، دووبارە دێنەوە نێو مێژوو و ڕێگە نادەن چیدی ستراتژی و سیاسەت و مێژوو و ژیان بە بێ ئەوان بنووسرێتەوە، ئیتر کوردستانیش لانیکەم لە بەشێکی دا وەکوو بکەر و خاوەن ڕوئیایەکی کردەیی لە نێو هاوسەنگی و لاسەنگیەکاندا دەور دەگێڕێ و لە دوورەوە چاو لەدەست نابێ بزانێ چی بۆ دەنووسن.

ڕەنگە کەموکووڕی و گرفت و کەندوکۆسپەکانی کوردستانی باشوور و ئەزموونی ٢٥ ساڵەی حکومەتداری لەم بەشەدا وا لە هەندێک کەس بکا کە بیر لە گرفتەکانی دوای سەربەخۆیی بکەنەوە ونیگەرانییان هەبێ، بەڵام چاک کردن و هەوڵدان بۆ گەشەکردن و دژایەتیی گەندەڵی و پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکی دوور و درێژە و چاکسازی و گۆڕانکاری لە نێو هەموو نەتەوەکاندا ئەوکاتە هەنگاوی قورس وقایمی بۆ هەڵگیراوە و گەڕانەوە بۆ دواوەی نەبووە کە لە نێو کیانێکی سەربەخۆدا جێبەجێ بکرێ. بەو واتایە کە ڕەنگە دەوڵەتی سەربەخۆ، خۆبەخۆ نەبێتە هۆی دادپەروەری و چاکسازی، بەڵام بە بێ دەوڵەت و کیانێکی ڕزگار، هەموو هەنگاوێکی چاکسازی و ئازادیخوازی ئەگەری گەڕانەوە بۆ دواوەی زۆرە.

کیانی سەربەخۆ خاڵی کۆکەرەوەی هەموو بەرژەوەندییەکان دەبێ و هەموو خولیا و ئاواتەکانی دەکرێ تێدا کۆبکرێتەوە و لە ڕاستیدا بونیاتی بینایەکی بەرز و قایم بێ کە دەنگ و ڕەنگی جیاوازی تێدا دەنگ و ڕەنگ بداتەوە، بەڵام دەنگ و ڕەنگێکی هارمۆنیک کراو تاکوو ببێ بە ئۆرکستریکی خۆش نەوا و هەڵپەڕکێی هاوئاهەنگی ڕەنگەکان، نەک تێکەڵبوونی نەشیاوی هەموو دەنگ و ڕەنگێک کە لەباتی چێژ بەخشین، ئازاردەر بێ.

دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە باشوور کە خاکە تازەگەڕاوەکان بۆ باوەشی نیشتمانیش لەخۆ بگرێ، هەم شکڵدان و ڕۆنانی بونیاتی ئیرادەیەکی نەتەوەییە و هەم هەنگاوێکی گرنگی مێژووییە کە ڕەنگە ئێستە نەکرێ بە ڕوونی و بە قووڵی ئەمری واقیعی چێژ و ڕەنگەکانی ببینرێ، بەڵام هەر ئەوەندە کە دوژمنانی کورد و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی زۆری پێ قەڵسن و هەموو هەڕەشە وگوڕەشەیەکی لێ دەکەن و ژمارەیک بەناو ڕووناکبیری فارس، بەڵام لە ڕاستیدا بیرکۆن و فاشیست کە درێژکراوەی کۆماری ئیسلامین، لێی ترساون، ئاماژەیە بۆ هەقیقەتی دەوڵەتی سەبەخۆی کوردستان .

بەواتایەکی تر گەر نەتزانی هەنگاوەکانت چەندە گرینگن، بە ڕووخساری دوژمنانتدا بزانە کە چەندەی لێ نیگەرانن!



# یادی شەهیدانی میکۆنۆس لە کوردستان ڕێزی لێ گیرا









ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تێکۆشەران و ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدان، لە شار و گوندەکانی کوردستاندا یاد و ناوی شەهیدانی میکۆنۆسیان بەرز ڕاگرت.

بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان،ساڵڕۆژی تێرۆری ڕێبەری مەزن دوکتور سەعید شەرفکەندی، لە لایەن تێکۆشەرانی دێموکرات لە سەرجادەی بۆکان ـ میاندواو لە گوندەکانی "داشبەند، هەباسئاوا و حەمامیان" چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە و ئەو کردەوە تێرۆریستییەی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

هەروەها تێکۆشەرانی دێموکرات ئاڵای کوردستانیان لە سەر دەکەڵی مخابراتی گوندی "ئاڵیکەند" شەکاندەوە.

ڕۆڵەکانی دێموکرات لە شاری کرماشان بە بۆنەی ساڵڕۆژی شەهیدانی میکۆنۆس لە شوێنەکانی وەک: "لەبی ئاو، مەیدانی ئازادی، بلواری نەفت و شارەداری و مەنتەقەی دوو" تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

قارەمانانی دێموکرات لە گوندی "نێ"ـی دێموکراتپەروەر، بە هەڵدانی ئاڵای کوردستان و یوبیلی حیزبی دێموکرات و چالاکی تەبلیغی یاد و ناوی شەهیدانی مێکۆنۆسیان بەرز ڕاگرت.

هەروەها لە گوندی نێ، بە بڵاوکردنەوەی پۆستێری دوکتور شەرەفکەندی لە سەر دیواری ماڵان و شوێنە گشتییەکان، کووچە و کۆڵانی گوند و هەروەها هەڵکردنی ئاڵایەکی گەورەی کوردستان لە پشتی گوند لە شەرگە کە تا ڕۆژی ٢٧ی خەرمانان دەشەکایەوە، پەیمانیان لەگەڵ شەهیدانی بێرلین نوێ کردەوە.

قارەمانانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان لە ناوچەی "چەمشاری سنە" چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد و ئەو شوێنانەی دروشمیان نووسی و تراکتی تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە، ئەمانەن: (سەر جادەی سنە و سێ‌ڕێیانی گوندی نشوور بۆ مووچش، گرێزە و شارەکی گرێزە، بەهاران ١٩ـ ٤ هەروەها سەرەتای شەقامی بەهاران تا مەیدانی قوبا).

ئەندامانی دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبی دێموکرات لە شاری مەریوان، بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە شاری بێرلین، ژمارەیەک لاوی خوێن گەرەم بە وتنەوەی سروودی دوکتور شەرەفکەندی لە سەرشەقام بە شێوەیەکی ڕێکوپێک چالاکییان بەڕێوە برد.

هەروەها ڕۆڵەکانی دێموکرات، لە یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدانی میکۆنۆس لە گوندی تەنگیسەر کار و چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

لەو بۆنەیەدا لاوانی تەنگیسەر لەگەڵ شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە و بە بڵاو کردنەوەی تراکتی تایبەت بەو یادە لە گاراجی گوند، تەعمیرگاکان، قوتابخانە، کتێبخانەی دوکتور قاسملوو، بێهداشت، پۆست بانک، مزگەوتی سەرەوە و مزگەوتی جامیع، دووکانەکانی نێو گوند، ناو ماڵی خەڵک، قەسابخانە، دێهیاری یادی شەهیدانی میکۆنۆسیان بەرز ڕاگرت.

هەروەها ئەندامانی دڵسۆز و تێکوشەری حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵڕۆژی تێرۆرکرانی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، لە چەند شوێنی دیکەی سنە، چالاکی تەبلیغاتیان بەڕێوە برد، ئەو شوێنانەی چالاکی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە:

شەقامی نمەکی، گەڕەکی ئاغا زەمان، بلواری بێعسەت، چوارڕای سیرووس، بەردەشت، مەحەلەی گەلەخان، تەکیەی شێخ هادی، گەڕەکی سپوورئاوا، شەقامی سیرووس، مەیدانی نبووەت، تەپەی بەهارمەست، قوتابخانەی حەیدەر موحی، گەڕەکی پیر محەممەد و پشتی چەقڵی چەقان".

بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵوەگەڕی تێرۆرکردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی بە دەستی تێرۆریستەکانی دەسەڵاتی تاران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە هەورامان، لە گوندی "ڕواری" هەمیشە پێشمەرگە، بە دروشمی وەک "بژی حیزبی دێموکرات، دوکتور سادق ڕێگات درێژەی هەیە، بەردەوام بێ خەباتی شار و شاخ، سادقی شەرەفکەندی وەک چیا سەربڵندی" ڕێزان لەو ڕۆژە گرت و پەیمانی وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان، بەتایبەت دوکتور سادق شەرەفکەندی ڕێبەری گەلی کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دموکرات نوێ کردەوە.

هەروەها لە گوندی "باوان" سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چوو.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری ورمێ لە گوندەکانی "دزەی دۆڵ، سەرەتای جادەی ورمێ ـ مەهاباد، دەرمانگای دزەی، سەمەرتۆ، ژاراوە، نەسیرئاوا، زێوە، قاسملوو، بەردەکەشگ، شەیتان ئاوا و کرگەن چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری سنە بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان ساڵڕۆژی شەهیدانی بێرلین بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران لە زانکۆی سنە و هەروەها لە گوندی "شیان" لە ژاوەرۆی سنە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی سەرهوویە سەر بە شاری مەریوان و گوندی نەزازی ناوچەی ژاوەرۆی سنە چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و تراکت و پوستێری تایبەت بەو بۆنەیان بڵاو کردەوە و پەیمانی وەفاداری و درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدانیان نوێ کردەوە.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری بۆکان بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان ساڵڕۆژی شەهیدانی بێرلین بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکانی عەلی ئاباد ، جادەی میاندواو و کوی ئەندیشە، سەوزە پۆش، بلواری کوردستان و کۆڵانەکانی مێعراج و نزیک ئیدارەی ئیتلاعات چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

هەروەها لە ڕێکەوتی ٢٢ و ٢٣ و ٢٤ی خەرمانان پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان بە بڵاو کردنەوەی پۆستێری تایبەت بە ٢٦ی خە رمانان، تیرۆر و تیرۆرپەروەری کۆماری ئیسلامی ئێرانیان مەحکووم کرد.

ئەو شوێنانەی کە پێشمەرگەکانی شار چالاکی تەبلیغییان لێ بەڕێوە برد بریتین لە دەورووبەری دانشگای پەیامی نوور، پۆمپی گازی ترمینال، دەورووبەری ترمینال، کوی ئەندیشە، مەجبووراوا، نەساجی، پارکی محەممەدییە، پشت سی متری، میراوا، پارکی ساحلی، فەرهەنگیانی ١ و ٢، بلواری کوردستان و بلواری مامۆستا هەژار.

ڕۆڵەکانی دێموکرات بە بۆنەی ساڵیادی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەستی تێرۆریستەکانی ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری سیدارە لە بێرلین و هەروەها پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێبەرانی شەهیدی گەلەکەمان لە "ئاویەری سنە، مەیدانی ئیقباڵی شاری سنە، کانی ماماتگا، ڕێگاکانی کانی ماماتگا بۆ سەر ئاویەر، کوێرە گوێز، دەورووبەری پەناگای ئاویەرو هەموو ئەو ڕێگایانەی بەرەو بەرزایی ئاویەر دەچێت، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری کامیاران، بە بۆنەی بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی کارەساتی میکۆنۆس و دەربڕینی نەفرەت و بێزاری لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین: "دەبیرستانەکانی ڕازی، موعەلیم، فاتمەی زەهرا، ئۆستاد شەهریار، ڕەجایی، کەوسەر، زەینەبییە، ڕەستگاران، هۆنەرستانی خارەزمی، مزگەوتی محەممەد ڕەسوڵڵا، عایشە، مزگەوتی دێوزناوییەکان، مزگەوتی تفێنییەکان، ئیمام حوسێن، خومەینی، باشگای تەختی، کامیارانە کۆن و کۆڵانەکانی دوازدە مێتری، شارەکی بێعسەت و مەسکەنی مێهری سەر ڕێگای سنە، جادەی شێروانە و قوتابخانەی گشتیی فەجر".

ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری پاوە بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان ساڵڕۆژی شەهیدانی میکۆنۆس چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە "ناوشاری پاوە، بلواری پاوە و پارکی کۆمەکاڵ".

هەروەها قارەمانانی دێموکرات بەبۆنەی ٢٥ـەمین ساڵڕۆژی شەهیدانی میکۆنۆس لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە لە شوێنەکانی وەک "هەنجیرە، ملەسەر، ڕێگاکانی تختە، هەنەڕ، هەڵوان، تکیە و هەشەمێز" تراکت و پۆستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردووەتەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییە تەبلیغییانەدا پەیمانی وەفاداریان بە ڕێبازی شەهیدان نوێ کردووەتەوە.

لە شاری سەقزیش، ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانان لە گەڕەکەکانی تەپەی گۆڕە جولەکە، شیوی جوتیاران، قەوخ، دە وروبە ری مزگەوتی حاجی شیخ سمایل، گاراجی میرە دێ و بازاڕی میوەفرۆشەکان تراکت و پووستێری تایبەت بەم ڕۆژە بڵاو کرایەوە.

# کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە پێوەندی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی شاری بانە ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە

Congress of Nationalities for a Federal Iran
Democracy • Freedom • Pluralism

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، خۆپیشاندانی بەرینی خەڵکی بە ئیرادەی شاری بانە لە پارێزگای سنەی ئێران، لە هەموو خەڵکی ئەو شارە پیرۆز دەکات و لە داوا ڕەواکانی ئەوان بە هەموو هێز پشتیوانی دەکات. هۆکاری ئەسڵی ئەو خۆپیشاندانە، ناڕەزایەتی بە کوژرانی ٢ کۆڵبەری تەمەن ٢١ ساڵ و ٤٥ ساڵەی کورد لە سنووری ئێران و عێراق لە لایەن هێزەکانی سپای پاسداران لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا بوو.

خۆپیشاندانی گشتیی و مەدەنیی خەڵکی بوێر و یەکگرتووی شاری بانە، بە هۆی خۆشاردنەوەی فەرماندار و نەبوونی حەزی بەرپرسان بە دانوستان، بە ئیجبار خەڵک لەگەڵ هێزە نیزامییەکان تووشی تێکەڵچوون بوون کە بەو هۆیەوە ژمارەیەک لە ناڕازیان بریندار یا دەستبەسەر کران و پولیس، هێزە ئەمنییەتییەکان و لیباس شەخسییەکان بۆ بڵاوە پێکردن بە خەڵک کەڵکیان لە گازی فرمێسکڕێژ و شۆکی ئێلکترۆنیکی وەرگرت.

بانە نموونەیەک بۆ هەموو شارەکانی ئێران بۆ خەبات دژی ناعەدالەتیی هەوساربڕاوی و کۆتایی نەهاتوویی ڕێژیمی (نەزانی و تالان و کوشتار و جەنایەتی) کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. بەرەو هەستانەوەی سەرانسەری، بۆ کۆتایی هێنان بە شەوی تاریکی ڕێژیمی دواکەوتووی ویلایەتی فەقیهی ئاخوندیی لە وڵات.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ

# حیزبی دێموکرات و هاکپار لە سەر پرسی ڕێفراندۆمی کوردستان گفتوگۆیان کرد

هەیئەتێکی هاکپار (HAK-PAR) سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەولێریان کرد و لەبارەی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کۆبوونەوە.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەوتای هەیئەتێکی هاکپار (پارتی ماف و ئازادی) لە باکووری کوردستان بە سەرپەرستی "زانا سەزەن" نوێنەری هاکپارلە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێریان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "محەممەدساڵح قادری" بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر پێشوازییان لێکرا.

لەو دیدارەدا محەممەد ساڵح قادری وێڕای تیشک خستنەسەر هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی، باسی لە هەلوێست و هەنگاوەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پاڵپشتی زیاتری ئەم پرۆسەیە لە داهاتوودا کرد و وشیاری و یەکڕیزی خەڵک و لایەنە سیاسییەکانی باشوور کوردستان و پاڵپشتی و هاوسۆزی لایەنە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ سەرخستنی ئەم بڕیارە مێژوویی و گرینگەی باشووری کوردستان بە گرینگ زانی و لە ئەگەری هەر چەشنە پیلان و دژایەتیەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و نەیاران لە دژی ڕێفراندۆم، پێویستیی هاوکاری هەمە لایەنەی کوردستانیان لە هەر شوێنێک بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی پیلان و مەترسیەکان بە ئەرکێکی نیشتمانی دانا.

دواتر زانا سەزەن وێڕای هاوهەڵوێستی و پشتیوانی لە هەنگاوەکانی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ڕێفراندۆم و چالاکیی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێداگری لەسەر پالپشتی و هاوهەلوێستی هاکپار و خەڵکی باکووری کوردستان لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کرد و ئەم هەلوێستە نەتەوەیی و نێستمانیەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ڕۆژهەڵاتیان بۆ پشتگری لە ڕێفراندۆمی باشوور بە گرینگ و بەرز نرخاند.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن جەختیان لە سەر بەرودەوامیی پێوەندی و کاری هاوبەشی نێوانیان کرد.

# ڕێوڕەسمی وەبیرهێنانەوەی خەبات و تێکۆشانی دوکتور شەرەفکەندی لە ناوەندی ٣ بەڕێوەچوو



بەبەشداری کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکرات و نوێنەری چەند لایەنی سیاسی و چەند کەسایەتییەکی کوردستانی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی بێ‌وچانی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەرمانان لە ناوەندی ٣ی کوردستان، ڕێوڕەسمی شەهیدانی میکۆنۆس بە خوێندنی سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پە یامی دە فتە ری سیاسی حیزب بەم بۆنەوە لە لایان تەیمور مستەفایی_ ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبەوە پیشکەش بە بەشداربووان کرا کە تێیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە جینایەتی میکۆنۆس باسێکی تێرو تەسەلیان لەسەر کەسایەتی بەرزی دووکتور سادق هێنایە بەرباس.

دواتر سرودێک لەژێر ناوی "سادقی شەرەفکە ندی" لە لایەن کچان و کوڕانی ناوندی ٣ی کوردستان پیشکەش کرا.

لە بڕگەی دواتری ڕێوڕەسمەکەشدا پە خشانێک لە لایەن ماموستا بێ بەش بەبونە ی ٢٦ی خە رمانان خوێندرایەوە.

دوابڕگەی ئەم مەراسمەش بریتی بوو لە خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان ولاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە لایەن "شاهۆ ئەحمەدی" بەرپرسی کۆمیتەی لاوان لە ناوەندی ٣ خوێندرایەوە.

جێگای ئاماژەپێدانە کە ئەم کەسایەتی و لایەنانەش لە مەراسمەکەدا بەشداربوون:

"ئاپی مەهدی زانا" کەسایەتی ناسراوی باکوری کوردستان وهاوژینی خەباتکاری بەناوبانگ "لەیلا زانا"

پارتی یەکیەتی دێموکراتی کوردستانی سوریە

پارتی سوسیالیستی کوردستانی باکور.

# بێرنارد کۆشنێر: ئەم گەلەم خۆش دەوێ



"بێرنارد کۆشنێر" دۆستی نزیکی شەهید دوکتور قاسملوو لە وتووێژێکدا پشتیوانیی خۆی لە سەربەخۆیی کوردستان دەربڕی.

"بێرنارد کۆشنێر" وەزیری پێشووی دەرەوەی فەڕانسە و دۆستی نزیکی شەهید دوکتور قاسملوو، ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی، لە وتوویژ لەگەڵ ڕادیۆ rtf و tv5monde پشتیوانیی خۆی بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

ناوبراو لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئەو دوو میدیایەی وڵاتی فەڕانسەدا وتی: "هەموو کەس لە کورد کەڵک وەردەگرێت، بەڵام کەس نایەوێ ئەوان سەربەخۆ بن."

کۆشنێر دامەزرێنەری پزیشکانی بێ‌سنوور لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا وتی: "کوردەکان گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتن."

کۆشنێر کە بە دۆستی کۆنی کورد لە قەڵەم دەدرێت، لە هەمان وتووێژدا دەڵێت: "جیاوازی، کێشە و هێندێ جار پێکدادان لە نێوان ئەواندا شتێکی ڕاستە، بەڵام ئەم کارەی ئەوان (سەربەخۆیی) پەیوەندی نە بە ئەمریکاوە هەیە و نە بە فەڕانسەوە."

کۆشنێر یەکەم جار لە سپتامبری ساڵی ١٩٧٤ سەردانی کوردستانی کردووە و لەو کاتەوە وەکوو دۆستی ماندوونەناسی کورد ماوەتەوە.

# خەباتی کورد لە خۆرهەڵات خەباتی نەتەوەیەکی بێ ماف کراو و وڵات داگیرکراو و ئازادی کوژراوە و تا ئەو ستەمانەی لەسەر بەردەوام بێت، خەباتیش بەردەوام دەبێت.



دەقی قسەکانی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی

لەو ڕۆژەوە کە لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ بەرانبەر بە ٢٦ ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی کەسایەتی ناسراو و سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوکتوور سادق شەرەفکەندی ناسراو بە د.سەعید هاوڕێ لەگەڵ کاک هومایون ئەردەڵان، کاک فەتاح عەبدولی و کاک نووری دێهکوردی شەهید کران ٢٥ ساڵ تێدەپەڕێت.

ئێمە بە نەریتی هەموو ساڵێک، ئەمڕۆش لێرەدا کۆبووینەتەوە لەلایەکەوە جارێکی دیکە ڕێز و حورمەت دابنێین بۆ ڕێبازی خەباتکارانەی ئەم پۆلە شەهیدە شۆڕشگێڕەمان و سڵاو بنێرین بۆ ڕۆحی پاکیان و بەم شێوەیە وەفا و ئەمەگناسی خۆمان وەکوو هاوڕێ و هاوسەنگەریان دەرببڕین و سەری ڕێز و نەوازش لە بەرانبەر ڕێبازی پیرۆزیاندا دانەوێنین، لەلایەکی دیکەشەوە ڕێژیمی تێرۆر و سێدارەی کۆماری ئیسلامی ئێران مەحکوم و شەرمەزار بکەین لە پێناو ئەو تاوانە گەورەیەی کە دەرحەق بە سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکرات دوکتور سادق و هاوڕێیانی و هەموو گەلی کورد کردی.

شەوی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ دوکتور سەعید و هاوڕێیانی لە شاری بەرلین لە ڕێستورانێک بە ناوی میکۆنوس لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی چەند ڕێکخراوێکی دژبەری ئێران بۆ وتوویژ لەسەر چۆنیەتی لێک نزیک‌بوونەوە پێکهێنانی هاودەنگی زیاتر لە نێوانیان بە مەبەستی خەباتی هاوبەش لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کۆببونەوە کە لە نیزیک ١١ی شەو موسەلسەل بەدەستێک کە دوایی لە تەحقیقاتی پۆلیس دەردەکەوێ "عبدولڕەحمان بەنی‌هاشمی" بەرپرسی تیمی تیرۆرەکە بووە؛ دێتە سەریان و بە دیاریکراوی کوردەکان دەکاتە ئامانجی ڕەگبار و یەکی دیکەشیان تیری خەلاسیان لێدەدا و بەم چەشنە د.سادق و باقی هاوڕێیانی و نووری دێهکوردی شەهید دەبن.

لە تیمی ئەم تیرۆرەدا ئێرانییەکان، ئەندامانی حیزبوڵڵای لوبنان و ئەندامێکی ئەسڵی شیعەی لوبنان پێکەوە بەرنامەکە بەڕێوەدەبەن کە هەموویان لە ئێران و لەژێر چاودێری سپای پاسداران و ڕێکخراوی ئیتلاعات ڕاهێنراون.

دوای نزیک بە ٤ ساڵ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون لەلایەن پۆلیس و دەزگای دادی ئاڵمان، ڕێکەوتی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ی زایینی دەزگای دادی ئاڵمان حوکمی خۆی ڕاگەیاند، لەو حوکمەدا جگە لە دیاریکردنی سزا بۆ ٥ کەس لەو تاوانبارانەی کە لە تیرۆرەکاندا دەستیان هەبووە حوکمی زیندانی لە ٥ ساڵەوە هەتا زیندانیی هەتاهەتایی بۆ بڕینەوە؛ سەرۆکی دادگا هەروەها ڕایگەیاند: "کە ئێمە ئەرکمانە بۆ ڕوون بوونەوەی هۆی ئەم قەتڵانە بێینە سەر ئەو هاندەر و هۆیانە کە بوون بە هۆی ڕوودانی ئەم قەتڵانە" ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بۆتان بخوێنمەوە چەند بڕگەیەکی کورت لە قسەکانی سەرۆکی دادگایە کە لە دەقی حوکمی دادگادا خوێندییەوە:

"ڕیشەی ئەم تیرۆرە دەبێت لە پەیوەندی و موناسبەتێکدا ببینین کە پاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران شکڵی گرتووە. هەوڵی کوردەکان بەڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ بەدەست هێنانی خودموختاری، ئەو حیزبەی کردووەتە حیزبێکی سیاسی بەهێز دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. لە ئاکامدا ڕێبەریی سیاسی ئێران بەمەبەستی سەرکوتی حیزبی دێموکرات بڕیاری دا لە دژی ئەو حیزبە نەک بەتەنیا بەشێوەی سیاسی موبارەزە بکا، بەڵکوو قەسدی لەناوبردنی فیزیکی ئەو حیزبەی هەیە. قەتڵی دوکتۆر قاسملوو و ٢ لە هاوڕێیانی، لە ١٣ ژوئیەی ١٩٨٩ لە شاری وییەن، هەروەها قەتڵێک کە لەو دادگایەدا لێکۆڵینەوەی بۆ کرا، لە ئاکامی ئەو سیاسەتەیە؛ پەیوەندی قەتڵی وییەن و بەرلین زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ئەو بەڵگە حاشاهەڵنەگرانەی کە پێشکەش بەو دادگایە کراون شکڵ و شێوەی بڕیاردانی لوتکەی ڕێبەریی سیاسی ئێران و هەروەها پێکهاتە و بەرپرسایەتییەکانی ئەو بڕیاردانە بەمەبەستی لەناوبردنی دژبەرانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات زۆر بەڕوونی نیشان دەدا. بڕیاردان بۆ لەناوبردن لەلایەن ڕێژیمەوە لە دەسەڵاتی دامەزراوەیەکدایە بە ناوی "ئەنجومەنی کاروباری تایبەت" کە ئۆرگانێکی نایاساییە و بە فەرمانی ڕێبەری ئایینی پێکدێت، ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بریتین لە: "سەرکۆمار، وەزیری ئیتلاعات و ئەمنیەت، وەزیری کاروباری دەرەوەی وڵات، سەرۆکی هێزەکانی نیزامی و ئینتزامی و هەروەها ڕێبەری مەزهەبی حکومەتی ئێران". ئەو قەتڵە تەنیا بە ئەنگیزەی سیاسی و بەمەبەستی لە ناوبردنی دژبەرانی ڕێژیم بەڕێوەچووە، ئامانجی سەرەکی ڕێژیمی ئێران لەناوبردنی دژبەران لە دەرەوەی وڵاتە". هەروەها لەو حوکمەدا، حکومەتی ئێران وەک "حکومەتێکی جینایەتکار" ناسراوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەڕێگای دەوڵەتی ئەوکاتەی ئاڵمان و تەنانەت هەڕەشەکردن لە قازی دادگا هەموو هەوڵی خۆیدا کە لانیکەم ڕێژیم بە تاوانبار نەزانرێت، بەڵام قازییەکانی دادگا بە هیچ جۆرێک نەچوونە ژێرباری هەڕەشەکان و زۆر بەجورئەتەوە، دوای چوارساڵ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە، حوکمی دادگایان ڕاگەیاند، حوکمێک کە نە کۆماری ئیسلامی و نە دنیا چاوەڕوانی نەدەکرد.

بە دوای ڕاگەیاندنی حوکمەکە وڵاتانی ئەندامی یەکیەتی ئەورووپا باڵوێزەکانیان بۆ ماوەیەک لە تاران بانگ کردەوە، هەل و مەرجێکی زۆر دژواری سیاسی بۆ ڕێژیم هاتە پێش، چونکە ئێران دوای ئەو هەموو تیرۆرانەی لە وڵاتانی دەرەوە بەڕێوەی بردبوو، بۆ یەکەم جار لەلایەن دادگای وڵاتێکی ئەورووپایی وەک ڕێژیمی جینایەتکار و تیرۆریست ناسرا کە هەموو ئەو جینایەت و تیرۆرانە لە لووتکەی دەسەڵاتدا پلانڕێژی بۆ دەکرێت؛ هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی چیدیکە کردەوەی تیرۆریستی بەڕێوە نەبا.

دوکتۆر سادق خاوەن کەسایەتییەکی بەرزی مرۆڤایەتی بوو، ژیانی پڕ لە مەینەت و بێ دەرەتانی تەنانەت بێ باوکی لەتەمەنی منداڵیدا وخوێندن و خۆپێگەیاندنی لە سایەی برا گەورەکەی، بەتەحەمولی سەختی ژیان و گوزەرانی لە گوندێکی بچوکی ناوچەی بۆکانڕا گەیشتە پلەی دوکتۆرا لە دانیشگایەکی پاریس.

ئەوەی یارمەتیدەری ئەسڵی کاک سادق بۆ گەیشتن بەو پلەی خوێندنە، بیری تیژ و ئیرادەی بەهێز و پشت بستنی بە زەحمەت و تێکۆشانی خۆی بوو. لە فارسیدا و لە خۆرهەڵاتی کوردستان بەو کەسانە دەوترێ "خودساختە" مەبەست ئەوەیە کە نە سەروەت و سامانی بنەماڵە نە دەسەڵاتداریەتی باوک و عەشیرەت هیچ کام لە ئارادا نەبوون کە کاک سادق پشتی پێ ببەستێ، بۆیە بە ناچاری پشتی بە زەحمەت وتێکۆشانی خۆی بەست.

پانۆرامای ژیانی ئەو کەسایەتییانە لە زۆر شوێنی ئەو دونیادا سەرنجڕاکێشن و شوێندانەری قوڵیان لە کۆمەڵگادا پێکهێناوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش لەخۆڕا ئەوکەسایەتییانەی نەکردە ئامانج، ئەوان بەباشی شارەزای تواناو لێهاتووییەکانی د.سادق بوون و نیگەران بوون کە تێکۆشانی کەسێکی وەک سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە حیزبێکی بەهێزی دژبەرە، دەتوانێت کێشەیەکی گەورە بۆ ڕێژیم بنێتەوە بۆیە بڕیاری لەناوبردنیان دا.

کاک "فەتاح عەبدولی" یەکێکی دیکە لە شەهیدانی میکۆنووس، گەنجێکی پێگەیشتوو، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزب لە پاریس بوو. لەگەڵ ئەوەی تەمەنی کەم بوو بەڵام ئیستعداد و لێهاتوویی زۆری لە خۆی نیشاندا و ئەگەر شەهید نەبووایە بێگومان لە داهاتوودا دەوری زۆر بەرچاوتری لە حیزبدا دەبوو.

بەڵام بە هەموو ئەو پیلانانەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و باقی ڕێژیمە سەرەڕۆ و دژ بە کوردەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە و بەهەموو دەسەڵات و تواناو پیلانەکانیان لە تیرۆری ڕێبەرانی بزووتنەوەکانی کورد نەک هەر نەیانتوانیوە کورد بە چۆکدا بهێنن، بەڵکوو تەنانەت بۆخۆیان لە ناوخۆ و ناوچەدا دەست و یەخەی دەیان قەیران بوونەتەوە و کوردیش لەگەڵ هەموو گرفت و مەینەتییەکانی کە بەشی هەرە زۆری ئاکامی سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ئەو ڕێژیمانەیە، لە هەلومەرجێکی باشی سیاسیدایە. بەتایبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە پێی وابوو بە شەهیدکردنی دوکتۆر سادق و دوکتۆر قاسملوو کۆتایی بە خەباتی مافخوازانەی کورد دەهێنێت.

کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا لەگەڵ دەیان قەیرانی نێوخۆ و دەرەوە بەرەوڕوویە. خەباتی کورد لە خۆرهەڵاتیش هەروا بەردەوامە، حیزبی دێموکراتیش سەرەڕای لە دەست چوونی دوو لە سکرتێرەکانی هەروا بەهێز و تواناوە لە خەباتەکەی بۆ ئازادی بەردەوامە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێت بزانێت کە خەباتی کورد لە خۆرهەڵات پرسی سەرکردەیەک و کەسایەتییەک نییە کە بە لەناوبردنی خەباتی کورد کۆتایی پێ بێت. خەباتی کورد لە خۆرهەڵات خەباتی نەتەوەیەکی بێ ماف کراو و وڵات داگیرکراو و ئازادی کوژراوە و تا ئەو ستەمانەی لەسەر بەردەوام بێت، خەباتیش بەردەوام دەبێت.

ئەمڕۆ بەشێك لە کوردستانی دابەشکراو کە باشوورە لە بەرانبەر تاقیکارییەکی مێژووییدایە. پرسی گشتپرسی لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی ئەو بەشە، هەتا نیزیکتر دەبینەوە لە ڕۆژی ٢٥ی سێپتامبر گەرمتر دەبێت و ئێستا هەموو خەڵکی هەموو بەشەکانی کوردستان لە ئاهەنگ گێڕان و خۆشی کردنی ئەو ڕۆژەدان کە سەدەیەکە خەباتی بۆ دەکرێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مافی گشتپرسی بە مافی ڕەوای خەڵك دەزانێت کە یەکێکە لە بنەماکانی دێموکراسی؛ بۆیە پشتیوانی لێدەکا و ئاکامی گشتپرسیەکەش کە دەنگی کۆمەڵانی خەڵکە ڕێزی بۆ دادەنێت و پشتیوانی لێدەکات.

پیلانی دوژمنانی کوردیش بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران کە ڕۆژ بە ڕۆژ هەڕەشەکانیان دژی گشتپرسی توندتر دەکەن مەحکووم دەکات، هیوادارین خەڵکی باشووری کوردستان بە یەکدەنگی لە گشتپرسیدا بەشداری بکەن و دەنگ بە سەربەخۆی وڵات بدەن. بەم شێوەیە ڕۆحی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری وڵاتەکەیان شاد بکەن و پیلانی دوژمنان پوچەڵ بکەنەوە.



**مستەفا هیجری:**

# ئیرادەی خەڵکی کورد لە باشوور وەک بەشەکانی دیکە بۆ ئێمە جێگای ڕێزە




دەقی قسەکانی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کارنەڤاڵی پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ٣٠ی خەرمانانی ١٣٩٦ی هەتاوی.

خوشک و برایانی بەڕێز
هاونیشتمانیانی ئازیز

بەختەوەرین لە دەرفەتێکی مێژوویی، لە خەباتی سەد ساڵەی کورد لە هەموو بەشەکاندا، جارێکی دیکە دەرفەتێک هاتووەتە پێش بۆ بەشێک لە کوردستان، دانیشتوانی باشوور کە دەتوانن لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەنگ بدەن بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەموو کوردە نیشتمانپەروەرەکان لە هەموو جێگایەکی ئەم دونیایەدا و لە هەر چوار پارچەی کوردستانی پارچەپارچە کراو خۆشحاڵین بە پێکهاتنی ئەو دەرفەتە. هەموومان ئەم سەرکەوتنە بە سەرکەوتنی کورد دەزانین بۆیە خۆشمانی تێدا بە بەشدار دەزانین و بە هی خۆمانی دەزانین. هەر چەند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتێکی دواکەوتووی سەرەڕۆ خەڵکی کورد ناتوانن خۆشحاڵی خۆیان دەرحەق بە ئەو ڕووداوە مێژووییە دەرببڕن بەڵام کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە هەموو بەشەکانی دیکەی دونیادا لە ئامریکاوە بگرە تا ئورووپا و ناوچە لەو بۆنەیەدا بەشداری خۆیان بە دڵەوە نیشان داوە و ئەرکی خۆیان بەڕێوە بردووە. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥ لەو کاتەوە کە حیزبەکەمان بە دەستی پێشەوای نەمر هاتە کایەوە و بۆ ماوەیەکی کورت کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و پێشەوا بوو بە یەکەم سەرکۆماری کوردستانی دێموکرات، مافی چارەنووسی خۆی لە شێوەی کۆماریدا ڕاگەیاند. هەر چەند مەودای جوغرافیایی دەسەڵاتی حکوومەتی کوردستان زۆر بەرتەسک و تەمەنی زۆر کەم بوو و بە هۆی لەشکری پاشایەتی ئێران تێکشێندرا و قازی و باقی هاوکارەکانی لەو حکوومەتەدا لە سێدارە دران بەڵام لەو ڕۆژەوە تا ئێستا بۆ تازەکردنەوەی کۆماری کوردستان، بۆ دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوامە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوەیی، وەک میراتگری کۆماری سەربەرزی کوردستان سەرەڕای هەموو داپڵۆسینەکان و سەرکوت و زەبر و زەنگەکانی ڕێژیمەکانی تاران بە پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، لە دوای تێرۆری ڕێبەرانی بەڵام تا ئێستاش لەسەر پێ ڕاوەستاوە و ڕێگای کۆماری کوردستان کە دیاریکردنی مافی چارەنووسە درێژە دەدات. ڕێژیمەکانی سەرەڕۆ کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە هەمیشە تێکۆشاون کوردەکان لە مافی خۆیان بێبەش بکەن. لە کوردستانی ئێران لە سەردەمی هەر دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا زۆر جار کە کاریان بە کورد بووە باسیان کردووە کە کورد ڕەسەنترین ئێرانییەکانن، بەڵام کاتێک داوامان کردووە مافی ئەو کوردە ڕەسەنانە چییە؟ گوتوویانە ئەو قسەی ئێوە زەینی خەڵک، بیری خەڵک، دەوروژێنێ. بەو تاوانە لە زیندانیان کردووین و ئەشکەنجەیان داوین. کاتێک لەشکرە تەیارەکەیان هێرشیان کردووەتە سەر وڵاتەکەمان، وڵاتەکامانیان خاپوور کردووە، گەنجەکانمانیان قەڵاچۆ کردووە دەستمان بردووە بۆ چەک بۆ ئەوەی لە مان و مەوجوودیەتی خەڵک و خاکەکەمان دیفاع بکەین گوتوویانە ئەوانە "تێرۆریستن" بە تاوانی تێرۆریست بوون قەڵاچۆمان دەکەن. ئێستاش کە بەخۆشییەوە لە سایەی تێکۆشانی پێشمەرگە قارەمانەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور دەرفەتێک پێکهاتووە کە خەڵک بە ئازادی لە شێوەی دێموکراتیک و ناسراوی دەنگدانی گشتی کەڵک وەرگرێ بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی چاومان لێ سوور دەکەنەوە، نەسیحەتمان دەکەن کە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە و دەڵێن بە زەرەری کورد تەواو دەبێت. ئێمە دەڵێین ئێستا باشترین و گونجاوترین کاتە بۆ ئەوەی کورد دەنگ بدا بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی لەو بەشەی کوردستاندا؛ چونکە لە مێژووی سەد ساڵەی خەباتی کورد بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی قەت دەرفەتێکی وا بەهێز هەڵنەکەوتووە کە دوژمنە بەهێزەکانی کورد لە نێو خۆیاندا و لە ناوچەدا دەستەویەخەی ئەو هەمووە قەیران و گیروگرفت و کۆسپانە ببوبێتنەوە. بۆیە دەرفەتێکی زێڕینە کە هیوادارین ئەو دەرفەتە هیچ جۆرێک لە دەست نەچێ چوونکە لەوانەیە بۆ جارێکی دیکە ئەو دەرفەتە نەڕەخسێتەوە. ئەوان نەسێحەتمان دەکەن بە قازانج نییە وا دیارە ئێستاش وەک ٥٠ -٦٠ ساڵ لەوە پێش بیر دەکەنەوە. دەیانهەوێ پێمان بڵێن کە کورد بۆ خۆی نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە قازانج و زەرەری خۆی تەشخیس بدا و ئێمەین بۆی دیاری دەکەین چ شتێک بە قازانجیەتی و چ شتێک بە زەرەریەتی. ئەوان دەیانهەوێ بۆمان دیاری بکەن کە دوژمنانی ئێمە کێن و دۆستەکانمان کێن؟ جوابی کۆمەڵانی بەرفراوانی کورد لە هەموو کوێی دونیادا بەتایبەت لە باشووردا بۆ پێشوازیکردن لە ڕێفراندۆم لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا وڵامێکی زۆر ڕوونە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەموو دوژمنانی کورد بۆ ئەوەیکە تێبگەن کە کورد گەیشتووەتە ئاستێک لە وریایی سیاسی کە قازانج و بەرژەوندیی خۆی بۆ خۆی تەشخیسی دەدات؛ بۆ خۆی دیاری دەکات کێ دوژمنییەتی و کێ دۆست و هاوکاریەتی. ئێمەی کورد ڕاهاتووین لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لەژێر هەڕەشە و لەشکرکێشی و خاپوورکردنی کوردستان و هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە بەسەریان هێناوین چۆک دانەدەین. نموونەی هەرە زیندووی، ئەو کارنەڤاڵانەن کە لە هەموو شوێنەکاندا بەرپا بووە. دوژمنانی کورد لە دوور و نزیک پێیان وابووە کە بە سێدارە، بە قەڵاچۆکردن، بە زیندانی کردن و تۆقاندن کورد لە مافی خۆی دەست هەڵدەگرێت و تەسلیمی ئیرادەی ئەوان دەبێت. بەڵام لەو ماوە کورتەدا کوردەکان نیشانیاندا کە حیسابی دوژمنان لەسەر کورد هەڵەیە. ئێستا هەڕەشەی داخستنی سنوور و دەستێوەردان لە کاروباری باشوور دەکەن ، بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو زەبر و زەنگانە ئەگەر بتوانن بیخەنە سەر کوردستان، تاقیکارییەکن کە لەمێژە نەتەوەی کورد لەو تاقیکاریانەدا سەرکەوتوو بووە. تۆ بڵەی کوردەکانی باشوور کە لە بەرانبەر ئەنفال و شیمیایی باران و زیندەبەگۆڕکردنی بە کۆمەڵی خەڵکەکەی و وێرانکردنی گوند و شارەکانیان بە دروستکردنی هەڵەبجەی شەهید و هەزاران نەهامەتی دیکە کە بەسەریان هاتووە دەستبەرداری مافی ڕەوای خۆیان نەبوونە، بەرگەی زەخت و زۆرێک نەگرن کە ڕەنگە زۆر لەو تاقیکاریانە کەمتر بێ؟ لە بەرانبەر دوژمناندا بوەستنەوە و ئیرادەی خۆیان بۆ گشتپرسی بەرنە پێشێ؟ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێز دەگرین لە گشتپرسیی باشووری کوردستان. گشتپرسی وەکوو ئامرازێکی دێموکراتیک و ئاشتیخوازانە و سەردەمیانە مافی هەموو نەتەوەیەکە لە دەست زوڵم و زۆر و سەرەڕۆیی دیکتاتۆرەکان وەزاڵە هاتووە و دەیهەوێ مافی خۆی دیاری بکات؛ چارەنووسی خۆی دیاری بکا بۆ ئەوەیکە لە دەست زوڵم و زۆرداری نەجاتی بێت. ئێمە پشتیوانی دەکەین لە دەنگی خەڵک و ڕێز دادەنێین بۆ دەنگی خەڵک بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان. ئیرادەی خەڵکی کورد لە باشوور وەک بەشەکانی دیکە بۆ ئێمە جێگای ڕێزە. هەر لە ئیستاوە پیرۆزبایی دەکەین لە هەموو دانیشتوانی باشووری کوردستان کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەرەو سندووقەکانی دەنگدان دەچن و دەنگی ئازادانەی خۆیان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسیان لە سندووقەکان داوێن. ئێمە ئاواتی سەرکەوتن بۆ ئەو ڕێفراندۆمە دەخوازین و هیواداریـن هەرچی زووتر ئاکامی ڕێفراندۆمەکە کە دەبێتە ئێعلامی سەربەخۆیی کوردستان لە باشووردا هەموومان ببینین و هەموومان وەکوو ئێستا کارنەڤاڵ و شادی پێک بێنین بۆ ئێعلامی حکوومەتی سەربەخۆی کوردستانی باشوور. پیرۆز بێ لە هەموو لایەک، پیرۆز بێ لە بنەماڵەی شەهیدان، پیرۆز بێ لە پێشمەرگەکانی سەنگەر، هیوادارین بە زوویی خوێنی هەزاران تێکۆشەر و پێشمەرگەی کورد لە باشوور ئاکامەکەی ببێتە سەربەخۆیی؛ بەم شێوەیە ڕوحی شەهیدەکانمان شاد بێ و بنەماڵەکان خاتریان ئاسوودە بێت کە خوێنی ڕۆڵە خۆشەویستەکانیان بە خۆڕایی نەچووە. سەرکەوتن بۆ گەلی کورد لە هەموو بەشەکانیدا.

> **گشتپرسی وەکوو ئامرازێکی دێموکراتیک و ئاشتیخوازانە و سەردەمیانە مافی هەموو نەتەوەیەکە لە دەست زوڵم و زۆر و سەرەڕۆیی دیکتاتۆرەکان وەزاڵە هاتووە و دەیهەوێ مافی خۆی دیاری بکات؛ چارەنووسی خۆی دیاری بکا بۆ ئەوەیکە لە دەست زوڵم و زۆرداری نەجاتی بێت.**

# شەرەفکەندی و ڕاسان



د. ئیدریس ئەحمەدی

کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی بەرانبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرتووەتە بەر کە چەند ئامانجێک لە خۆ دەگرێ. لەنێوبردنی ڕێبەرانی سیاسی و نیزامی حیزبی دێموکرات، ئامانجی یەکەمی ئەو سیاسەتەی ئێران بووە. ئامانجی دووهەمی، ناچارکردنی حیزبی دێموکرات بووە بە ڕاگرتنی خەباتی چەکداری. دوائامانجی کۆماری ئیسلامی، گەمارۆدانی حیزبە کوردییەکان بووە لە باشوور لە شێوەی کەمپنشینیدا بۆ ئەوەی دواجار لە ژێر فشاری گەمارۆدراویدا، دووبەرەکی بکەوێتە نێوانیان و تەنانەت لەبەریەک هەڵوەشێنەوە.

چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامی پاش شەهیدبوونی دوکتۆر قاسملوو، ئەوە بوو کە حیزبی دێموکرات بەچۆکدادێ. بەڵام یەکەم پەیامی دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکی نیزامی و سیاسییان بەڕێوە دەبرد، ئەوە بوو کە "دوکتۆر قاسملوو شەهید بووە، بەڵام خەبات درێژەی هەیە." لە لایەکی دیکەوە، فشارێکی زۆر لە سەر حیزبی دێموکرات و شەخسی دوکتۆر شەرەفکەندی هەبوو بۆ ڕاگرتنی خەباتی چەکداری. لە بەرانبەر ئەو فشارەدا، دوکتۆر شەرەفکەندی بڕیاری درێژەپێدانی بەگڕوتینی خەباتی چەکداری دا.

بە بڕیاری ڕاگرتنی خەباتی چەکداری، حیزبی دێموکرات نەتەنیا سەنگی جیۆسیاسی کەم بووەوە، بەڵکوو مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەرە بەرە لە ڕۆژەڤ کەوت و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لەبیر چووەوە. یەکێکی دیکە لە ئاکامەکانی ڕاگرتنی خەباتی چەکداری، کزبوونی بڕوابەخۆیی لەنێو کوردی ڕۆژهەڵاتدا بوو. هەر ئەمەش وای کرد دواجار باڵی بەناو ڕیفۆرمیستی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان گوێڕایەڵی بۆ پەیدا بێ.

قۆناغی دوو دەیەی پاش شەهیدبوونی شەرەفکەندی، قۆناغی نسکۆ بوو. ڕاسان، کە هێمای خەباتی نوێی ڕۆژهەڵاتە، کۆتاییهاتنی نسکۆی دوو دەیەی ڕابردوو و هەروەها بووژانەوەی بزووتنەوەی نەتەوایەتییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. ڕاسان دەبێ وەک پڕۆسە ببیندرێ، هێشتا لە سەرەتای ئەو پڕۆسەیەداین، بەڵام بە گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ شاخ، سیاسەتی گەمارۆدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد پووچەڵ کرایەوە.

ڕاسان هەڵقووڵاوی بیر و ڕێبازی قاسملوو و شەرەفکەندییە. ئەمساڵ کە یادی دوکتۆر شەرەفکەندی دەکەینەوە، لە جێگای خۆیدایە بە خوێندنەوەی دەقەکانی سەردەمی شاخ لە کتێبی "هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی سادق شەرەفکەندی (١٣٦٨-١٣٦٢)" بنەما فکری و سیاسییەکانی ڕاسان بخەینە ڕوو.

"ڕاسان" وشەیەکە کە لە دەڤەری موکریاندا باوە و بە مانای ڕاستبوونەوەیە لە دوژمن، ئەویش بە تووڕەییەوە. هەڵبژاردنی ئەو وشەیە بۆ ئەم قۆناغە لە خەبات لە جێگای خۆیدایە. لە گەڵ ئەوەی حیزبی دێموکرات تۆڵەی ڕێبەرانی شەهیدی نەستاندووەتەوە، بەڵام ڕاسان ڕاستبوونەوەیە لە دوژمن پاش تیرۆرکرانی دوو ڕێبەری گەلی کورد و بەردەوامبوون و بگرە پەرەئەستاندنی چەوساندنەوەی بەربڵاوی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە دوو دەیەی ڕابردوودا.

ڕاسان لە پێش هەموو شتێکدا پێویستی بە خوێندنەوەیەکی دروست هەیە لە سروشت و سیاسەتەکانی دوژمن. ئەو خوێندنەوەیەش بە نۆرەی خۆی دەبێ پشت ئەستوور بێ بە مێتۆد. ماکی سەرەکی ئەو مێتۆدەی کە شەرەفکەندی دوژمنی پێ دەخوێندەوە، بریتییە لە جیاکارییەک لە نێوان واقعییەت و ڕووکەشدا، یان وردتر بڵێین، جیاکردنەوەی خوێندنەوەی ڕووکەشیی و خوێندنەوەی قووڵ بۆ دەستوور و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی؛ جیاکردنەوەی لێدوان و کرداری کاربەدەستانی ڕێژیم؛ جیاکردنەوەی نیەتی ڕاگەیەندراو و نیەتی ڕاستەقینەی ڕێژیم و هتد.

لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "ئایا ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی جمهوورییە؟"، شەرەفکەندی باس لە "تێکەڵبوونی" سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامی دەکا. وتارەکە پێش هەموارکردنەوەی دەستووری کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٩٨٩ نووسراوە. تاکوو ئەوکات ئێران هەم سەرکۆمار و هەمیش سەرۆکوەزیری هەبوو. هەموارکردنەوەی دەستوور بە بەمەبەستی ئەوە بوو کە ئەو تێکەڵاوییە کەم بکرێتەوە و دەسەڵاتی سەرکۆمار زیاد بکرێ.

هەڵبەت بە خوێندنەوەیەکی وردتر، شەرەفکەندی بەو دەرئەنجامە دەگا کە لە کۆماری ئیسلامیدا تەنیا "بە ڕواڵەت قانوونێکی ئەساسی هەیە" کە دامەزراوەی کۆماری لە خۆ بگرێ یان ڕێگای کارکردنیان پێ بدا. لەو بارەوە دەنووسێ: "ئەگەر بمانەوێ بە شێوەی گشتیترو واقیعبینانەتر بڕوانینە ڕێژیمی ئەمڕۆی ئێران، ڕاستی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بە هیچ جۆر ڕێژیمێکی جمهووری نیە [...] چوونکە لەم ڕێژیمەدا تەواوی دەسەڵات و ئیختیارات بە ڕەسمی لە دەست 'وەلی فقیە' دایە کە ئەویش لە لایەن خەڵکەوە دیاری ناکرێ." (لا. ٢١١-٢١٢)

بەو پێیە و لە بەر تیشکی ئەو باسانەی کە ئەوکات لەمەڕ هەموارکردنەوەی دەستووری ڕێژیم لە ئارادا بوون، شەرەفکەندی لە درێژەی وتارەکەیدا، پێشبینییەک دەکا و هەروەها بە دەرئەنجامێکی بنەڕەتی دەگات. پێشبینییەکە ئەوە بوو کە تەنانەت ئەگەر دوو پۆستی سەرکۆماری و سەرۆکوەزیران ببن بە یەک، "ڕاستی ئەوەیە کە نێوەڕۆکی ڕێژیم بە جۆرێکە [...] کە نەک بەم کارە، بەڵکوو بە دەیان کاری ئاواش ڕێکوپێک ناکرێ." دەرئەنجامەکەش ئەوەیە کە: "هەر بۆیە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی ئەگەر قەرارە پێک بێ، ئەو ئاڵوگۆڕە بریتییە لە لابردن و فڕێدانی سیستەمی ویلایەتی فەقیهی و بەس. غەیری ئەوە هەر کارێکی دیکە لە شانۆسازی و ڕەنگ گۆڕینێکی ڕواڵەتی پتر تێ ناپەڕێ!" (لا. ٢١٢-٢١٣)

ئێستا بیست و پێنج ساڵ بە سەر شەهیدبوونی دوکتۆر شەرەفکەندیدا تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا، نەک تەنیا پێشبینییەکەی بەڕاست دەرچوو، بەڵکوو پاش هەموارکردنەوەی دەستووری کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی وەلی فەقیە لە دەستووردا کرا بە ڕەها. سەبارەت بە پۆستی سەرکۆماری، محەمەد خاتەمەی لە کۆتایی دەورەی دووهەمی سەرکۆماریی خۆیدا وتی کە لە ڕوانگەی هێندێک لە ئەندامانی شۆرای نیگابانەوە، سەرکۆمار وەک "بەڕێوەکاری" (تدارکچی) ئورگانەکانی دیکەی دەوڵەت وایە. بە پێی زەمان، ڕێژیم بەرتەسکتر و یەکدەستتر بووەتەوە، نەک کراوەتر و فرەدەنگتر.

سەرهەڵدانی باڵی "ڕیفۆرمیستی" ڕێژیم هیچی لەم ڕاستییە نەگۆڕییەوە، بەڵکوو بەڵگەیە بۆ دروستبوونی لێکدانەوەی شەرەفەکەندی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی. باڵی بەناو ڕیفۆرمیستی ڕێژیم، ڕێژیمپارێزن نەک ڕێژیمگۆڕ، خاوەن مانیفێستی ڕیفۆرم نەبوون و نین، بەڵکوو گلەییان ئەوەیە کە دەستووری کۆماری ئیسلامی جێبەجێ ناکرێ و باڵی ئەوان لە نێو گرووپی دەسەڵاتدا جێگای کەمیان بۆ دابین دەکرێ.

"ڕیفۆرم" واتای چەمکیی خۆی هەیە و بریتییە لە پێکهێنانی گۆڕان لە دامەزراوەی سیاسی و دواجاریش لە دەستووردا. لە کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٠ پرۆژە یاسایەک پێشکەش کرا بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە یاسای چاپەمەنیدا، بەڵام وەلی فەقیە و شۆرای نیگابان، کە دەتوانن ڕێگری بکەن لە پەسەندکردنی هەر یاسایەک لە مەجلیس کە لەگەڵ ئیسلام و بەرژەوەندی ڕێژیمدا نەگونجاو بێ، پێشیان بە پەسەندکردنی گرت. ئەگەر ڕیفۆرم لە ئێراندا کرابایا، ئەوا دەکرا کۆماری ئیسلامی دوور لە زەبروزەنگ بەرەو گۆڕان گوزاری کردبایا، بەڵام تەنانەت ئەگەر باڵی ڕیفۆرمیستی ڕێژیم ویستبایان کەمترین ڕیفۆرم ئەنجام بدەن، بەهۆی دیکتاتۆرییەتی وەلی فەقیە، کارێکی وا مەحاڵە.

لەلایەکی دیکەوە، زیادبوونی دەسەڵاتی ئابووریی و سیاسی سپای پاسداران لە دەیەی هەشتا و دواتر لە ژێر سایەیی خامنەییدا، کە حەسەن ڕۆحانی بە "دەوڵەتی خاوەن چەک" ناوزەدی کردووە، ڕاستبوونی پێشبینییەکی دیکەی شەرەفکەندی دەسەلمێنێ.

لە وتارێکی دیکەدا سەبارەت بە بەرنامەی ڕەفسەنجانی بۆ "سازکردنەوە" (بازسازی) ئاماژە بە دەوری سپا دەدا و دەنووسێ: "سوپای پاسداران وەک ئەو دێوە دەچێ کە جادووگەرەکە یانی خودی ڕێژیم لە نێو شووشە ئازادی کردووە، بەڵام ئێستا بۆی لە شووشە ناکرێتەوە." (لا. ٢٧)

لێرەدا شەرەفکەندی پەنجە لەسەر مەسەلەیەک دادەنێ کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە "ڕێگابەستراوەیی" (path dependence) ناسراوە؛ واتە، کاتێک لایەنێکی سیاسی ڕێگایەکی هەڵبژارد، دەبەسترێتەوە بەو ڕێگایەوە و ناتوانێ بە سانایی یان بێ دانی هەزینەی بەرچاو ڕێگایەکی دیکە هەڵبژێرێ، هەرچەند پێویست و بە سوودیش بێ. بۆیە، لە زۆر ڕووەوە، کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە ڕێگایەکی وای هەڵبژاردووە کە دیکتاتۆرییەتی وەلی فەقیە و سەرهەڵدانی مافیایەکی نیزامی و ئابووری وەک سپای پاسدارانی لێکەوتووەتەوە.

ڕاستییەکی دیکە ئەوەیە کە هەموو باڵەکانی ڕێژیم بە نیسبەت نەتەوەی کورد و نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی و مافەکانی گەلی کورد، هاوهەڵوێستن. بۆیە، کورد دەبێ خەباتی خۆی درێژە پێ بدا. خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە ڕێژیمی ئێران خۆی لە گەڵ نەتەوەی کورد و مەسەلەی کورد یەکلاکردووەتەوە؛ کوردیش دەبێ خۆی لە گەڵ کۆماری ئیسلامی یەکلا بکاتەوە.

سەبارەت بە ڕاسان، دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ سەرکەوتنی خەبات، وێڕای دەرککردنی سروشتی ڕێژیم، گرنگی بە پەیوەندی لێکگرێدراوی نێوان ڕێکخراو و خەڵک دەدا. بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی بە دەرکەوتەی نێوان هێزی ڕێکخراو و هێزی جەماوەر دەزانێ. لەو بارەوە، لە وتارێکدا بە ناوی "ڕێکخراوی ڕاستین چییە؟" دەفەرمێ: "[بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی] وەک جەرەیانێکی دوو لایەنە وایە کە لە کۆمەڵانی خەڵکەوە بەرەو ڕێبەرایەتی جووڵانەوەو لە بەڕێوەبەرایەتیی جووڵانەوەڕا بەرەو خەڵک دەچێ." (لا. ١٨٩-١٩٠) لە ڕاساندا ئەمە بە "لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار" وەسف کراوە.

بۆیە، دوکتۆر شەرەفکەندی بەو دەرئەنجامە دەگا کە "نیسبەتی هەر حیزبێکی سیاسی بە نیسبەتی هێزی ڕێکخراوەکەیەتی." (لا. ١٩٠) ئەمەش واتای ئەوە دەدا کە ڕاسان پێویستی بە ڕێکخراوێکە کە ئەوەندە خاوەن هێز بێ، یان با بڵێین بە ڕادەیەک ڕێکخراو بێ، ئەو هێزەی کە لە نێو خەڵکدا وەک مایە هەیە، ڕێبەرایەتی و چالاکی بکا. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەو پەیوەندییەدا، ڕێکخراو و پێشمەرگە دەوری بنەڕەتی دەگێڕن، بەڵام هەروەک لە لێدوانەکانی ڕێزدار مستەفا هیجری، ڕێبەری ئێستای دێموکرات، هاتووە، هەبوونی پێشمەرگە بە تەنیا ڕاسان بەئەنجام ناگەیەنێ، بەڵکوو دەبێ ئەو خەباتە بەجەماوەری بکرێ. دوکتۆر شەرەفکەندی لەو بارەوە جەخت دەکاتەوە کە: "دیارە ئەگەرچی پێشمەرگە لە خەباتدا نەخشی پێشەنگی لە ئەستۆیە و تا ئێستاش شێلگیرانە و سەربەرزانە ئەو ئەرکەی بەڕێوە بردووە و بەڕێوەی دەبا، ئەوە بە هیچ جۆر بەو مانایە نییە کە قورسایی باری گرانی خەبات هەر لە ئەستۆی ئەوە و هێزی پێشمەرگە دەبێ و دەتوانێ بە تەنیایی پشتی هێزی دوژمن تێک بشکێنی و تەمی خەم لە دڵان بڕەوێنێ." (لا. ١٦٧)

لە گەڵ ئەوەی ڕەخنە لە ستراتێژیی ڕاسان گیراوە بەڵام ئەوانەی ئەو جۆرە ڕەخنانە دەگرن، مەبەستیان ڕوون ناکەنەوە.

"ستراتێژی" بریتییە لە پێناسەکردنی بەرژەوەندی؛ لە درێژەی ئەو پێناسەکردنەدا، دیاریکردنی ئامانج؛ هەروەها دەستنیشانکردنی مەترسیگەلێک کە لەسەر ئەو بەرژەوەندییانە هەن و لە ئاکامدا بەرەنگاربوونەوەیان؛ دواجاریش، کەڵکوەرگرتن بە باشترین شێوە لەو ئامرازانەی کە لەبەردەستدان بۆ گەیشتن بە ئامانجی لەپێشدا دیاریکراو.

بەو پێیە، حیزبی دێموکرات ڕەنگبێ تاکە ڕێکخراوەیەک بێ کە هەمیشە ستراتێژی ڕوونی هەبووە. بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئامانجی سیاسی لە سەروەری سیاسیدا پێناسە کردووە (لە ڕابردوودا لە شکڵی خودموختاری، لە ساڵانی دواییدا لە چوارچێوەی فێدراسیۆنێکی فرەنەتەوەی دێموکراتیک)؛ دەسەڵاتی ناوەندی و دیکتاتۆری لە تاران بە مەترسی گەورە دەستنیشان کردووە؛ بە پێی هەلوومەرج، بەجیا یان زۆربەی جاران بەتێکڕا کەڵکی لە ئامرازگەلێک وەک خەباتی مەدەنی، خەباتی چەکداری، دیپلۆماسی و وتووێژ وەرگرتووە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکەی.

گرفت لەوەدا نییە کە حیزبی دێموکرات لە ڕابردوودا یان لە قۆناغی ڕاساندا خاوەن ستراتێژی ڕوون نەبێ؛ گرفت لەوەدایە کە دوژمن بە بەکاربردنی زەبروزەنگی بەربڵاو، تیرۆرکردنی ڕێبەرانی نەتەوەی کورد و میلیتاریزەکردنی کوردستان و هەروەها چەوساندنەوەی سیستەماتیکی گەلی کورد و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر بۆ تێکشکاندی کۆمەڵگای کوردی، ڕێگری لە بزووتنەوەی کورد کردووە کە بە ئامانجەکانی بگات. ئەم سیاسەتانەی لە ماوەی ڕاگرتنی خەباتی چەکداریشدا هەر درێژە داوە.

بە کورتی، گرفتی سەرەکی لە پارسەنگی هێزدایە، کە بە قازانجی دوژمن شکاوەتەوە. گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە خەبات و قوربانیدان هەمیشە لە ئەستۆی هێزی پیشمەرگە و بەشێک لە خەڵکی کوردستان بووە. لەلایەکی دیکەوە، جاشی چەکدار و جاش لە شکڵی دیکەدا، دژ بە بزووتنەوە کاریان کردووە و زیانیان پێ گەیاندووە.

خەڵکی کوردستان ئەگەر ئازادی بوێ، دەبێ قوربانی بۆ بدا، دەنا هەر دەبێ وەک کۆیلە بژی. ڕاستە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خۆڕاگرە و دەسکەوتی نیزامی و سیاسی بەرچاوی بووە، بەڵام سەرکەوتن پێویستی بە تێکەڵکردنی هێزی پیشمەرگە و زۆرینەی خەڵکە. ئەگەر کۆی خەڵکی کوردستان تەیار ببێ، پارسەنگی هێز بە قازانجی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دەشکێتەوە. کۆماری ئیسلامی لە کردەوەدا نیشانی داوە چەندە لە هێزی پێشمەرگە و سەرکەوتنی ڕاسان دەترسێ.

بە پێچەوانەی ئەو ڕەخنانەی لە ڕاسان دەگیردرێ، دوکتۆر شەرەفکەندی لە وتارێکیدا بە ناوی "با هەموو بەشی خۆمان لە خەباتدا بەشداری بکەین"، نەخشەڕێگایەکی ورد بۆ ڕاسان پێشکەش دەکا، کە فرەلایەنبوونی خەبات، خەڵک مێحوەری و شار مێحوەری و هەروها ئەوەی کە لەم دواییانەدا بە "پێشمەرگەی شار" ناوزەد کراوە، کوی ئەمانە لە خۆ دەگرێ: "ئاشکرایە کە خەبات شێوە و ڕێگای جۆراوجۆری هەیە و هەر کەس بە پێی هەلومەرج و لە پێوەندی لەگەڵ وەزع و کارەکەیدا دەتوانێ بە شێوەیەکی تایبەتی لە خەبات دژی ڕێژیمدا بەشداری بکا. لەو پێوەندییەدا هەڵبەت ئەرکی لاوەکان لە هەمووان پترە و ئەوانن کە دەتوانن لە سەرەوەی هەموانەوە دەورێکی باش بگێڕن، لە کۆکردنەوەی ئیتیلاعات و ئاگاداری لەسەر وەزعی ڕێژیم و گەیاندنی ئەو ئاگادارییانە بە کۆمیتەی حیزبی و هێزی پێشمەرگەڕا بگرە هەتا زەربەی نیزامی لێدان لە دوژمن." (لا. ١٦٧-١٦٨)

لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ: "لە نێو شارەکاندا [دەبێ هەستە پێک بێ] بۆ ئەوەی خۆبەدەستەوەدەران و خۆفرۆشان بایکوت بکرێن و بە تەواوی لە کۆمەڵدا تەریک بکەونەوە،[هەروەها ئەرکیان] هاندانی ئەفرادی بێلایەن و دوورەپەرێز بۆ بەشداری لە خەباتدا، [دەبێ تێبکۆشن] ئەو کەسانەی کە بە هەر شێوەیەک [...] لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکان [...] وەک سوپای پاسداران و بەسیجدا خزمەت بە ڕێژیم دەکەن، نابێ بۆ سەعاتێکیش هەست بە ئەمنییەت بکەن و خۆیان لە ئاگری بەتینی ڕق و بێزاریی خەڵک بە دوور بزانن." (لا. ١٦٨)

بەو پێیە، لە ئاست فکری و ستراتێژیکدا، ڕاسان نوێ نییە. هەڵبەت پەرەئەستاندنی پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە ڕۆژهەڵات و ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی کە لێی کەوتووەتەوە وێڕای بارودۆخی جیۆسیاسی پاش شەڕی کەنداو و بەکاربردنی تێکنۆلۆژی نوێ لە بواری شەڕدا، کۆی ئەمانە نوێکارییان دەوێ لە جێبەجێکردنی ڕاساندا.

بە کورتی، ڕاسان درێژەپێدانی خەباتی چەندین دەیەی حیزبی دێموکراتە، نوێبوونی لە جێبەجێکردنیدایە لە بەر تیشکی هەلوومەرجی نوێ و بەستێنی گۆڕاودا.

# کرماشان، لانکەی کولتوور و ژیاری مرۆیی لە کوردستان



شەریف فەلاح

بەشی کۆتایی

**• ئەدەبی هاوچەرخ لە کرماشان و ئیلام:**

لە ساڵانی ١٣٣٠ی (١٩٥٢ی زایینی) هەتاوی بەئەملا لەسەر دەستی کەسانێکی تر و نەوەیەکی تر شەپۆل و رەهەندێکی دیکە لە نووسین و داهێنانی ئەدەبی و بەتایبەت ژانری شیعر لە کرماشان و ئیلام سەر هەڵدەدەن و دەبنە ئاوێنەی باڵانوێنی کۆمەڵ و لەباری فەرهەنگییەوە پێشەنگایەتیی ئەو قۆناغە دەگرنە ئەستۆ.

لەم قۆناغەدا ئیدی فەرهەنگی ئەدەبی نویسیاری، چاپ و بڵاو کردنەوەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان شانبەشانی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەودەمی ئێران و کوردستان بە ئاسانی جێگیر دەبن و جێگای خۆیان لە ژیانی خەڵکدا بە ئاسانی دەکەنەوە و هەر رۆژە بەربڵاوتر دەبن. ئەوەی گرنگە و دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و و هۆکارەکانی روون بکرێنەوە، ئەوەیە هەرچەند بزووتنەوە سیاسییە نەتەوەییەکانی ئیلام و کرماشان بەهۆی بارودۆخی سیاسیی ناوخۆیی و ناوچەییەوە نەیانتوانیوە وەك پێویست بە شۆڕش و راپەڕینە سەرکییەکانی ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە گرێ بدرێن، بەڵام دەبێ دان بەو راستیەدا بنرێ کە هەوێن و بناغەی فکری نەتەوەیی، ئاگایی و شوناسی نەتەوەیی لە کرماشان و ئیلام شۆڕشی فەرهەنگی و ئەدەبی بووە و لەسەر کۆڵەکەیەکی قورس و قایمی فەرهەنگی دەواری ئاسۆی نەتەوە بنیات نراوە کە بەدوور بووە لە توندوتیژی و شەڕ و شێوازی خەباتی چەکداری و بەرەنگاریخوازانە.

لەو قۆناغەدا شیعر وەك گوتاری زاڵی کۆمەڵگای کوردی و یەکەم تریبوونی هاواری راچەنینی ژان و برك و ئازارە کۆمەڵایەتی و ئینسانیەکان، دێتە مەیدانەوە و بە رەهەندێکی کۆمەڵایەتی، سروشتی، کرێکاری و تێکەڵ بە بیری چەپ بە جوانی خۆی دەردەخات.

بەرچاو و کاریگەرترین شاعیرانی ئەو قۆناغە سەرەتا "شامی کرماشانی" و دواتریش "پەرتەو کرماشانی و ئەحمەد عەزیزی و کەرەمڕەزا کەرەمی"ن کە بە زاراوەی شیرینی گۆران و کەلهوڕی دڕ بە تاریکی دەدەن و پێناسە و سیمایەکی دیکە بە شیعری کوردیی جنووبی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبەخشن کە هەتا هەتایە رۆڵ و کاریگەریان دەمێنێتەوە. شانبەشانی ئەم رەوتە لە ئەدەبیاتی کوردی لە کرماشان و ئیلام، بەهۆی بارودۆخی تایبەتی سیاسی و ناوچەیی کۆمەڵێك نووسەر، شاعیر، چیرۆکنووس و رۆمانووس سەر هەڵدەدەن و لەژێر کاریگەریی هێژمۆنیی بیری چەپ، زوڵم و ستەمی قۆناغی دەرەبەگایەتی و فیۆدالیزم و فکر و تێڕوانینی زاڵی ناوچەیی، شێواز و ریچکەیەکی ئەدەبی بەناوی "ئەدەبیاتی داستانیی ناوچەیی" بنیات دەنێن، بەڵام هەموویان بە زمانی فارسی دەنووسن.

لە پەخشان و مێژوونووسیدا کەسێکی وەك رەشید یاسمی، لە بواری شیعردا کەسایەتییەکی ئەدەبی و سیاسیی وەك " ئەبولقاسم لاهووتی"، کە تەنانەت بە یەکێك لە رچەشکێنانی رەوتی نوێی شیعری فارسی دێتە ئەژمار، بەڵام بەهۆی تێکەڵ بوون بە جەریانە سیاسییەکان وەك پێویست بەردەوام نەبووە و لە رەوتەکە لای داوە. لە بواری ئەدەبیاتی داستانیدا چیرۆك و رۆماننوسگەلێکی وەك: عەلی شیرازپوور ناسراو بە "شین پەرتەو"، عەلی محەمەد ئەفغانی، مەهشید ئەمیرشاهی، عەلی ئەشرەف دەرویشیان، مەنسوور یاقووتی و لاری کرماشانی حزوورێکی چالاك و ئەکتیڤیان لە رەوتی بنیاتنانی ئەدەبیاتی داستانیی سەرانسەریی ئێراندا هەبووە و لە نەوەی یەکەم و دووەمی چیرۆکنووسانی ئێراندا دێنە ئەژمار.

بەڕای خاوەن را و شارەزایانی ئەدەبیاتی داستانیی ئێران کرماشان لەناو شارەکانی رۆژئاوای ئێراندا لە بواری فەرهەنگ و ئەدەبەوە لانیکەم لە کاتی لەدایك بوونی رۆمانی "مێردەکەی ئاسکە خاتوون" لە نووسینی عەلی محەمەد ئەفغانی کە بە یەکێك لە شاکارە ئەدەبییەکانی ئێران دێتە ئەژمار، لە هەموان دەوڵەمەند و چالاکترە.

لەناو ئەو نووسەرانەدا کە ناومان هێنان عەلی ئەشرەف دەرویشان و مەنسوور یاقووتی لە هەموان بەرچاوتر و حزووری چالاکتریان هەبووە و بەناوبانگترن، ئەو کەسانە لە دوو رەهەندەوە کەوتوونەتە بەر رەخنە و بیروڕای جیاواز لەمەڕ ناوەڕۆك، شێواز و جیهانبینیان هەیە، یەکەم لەلایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە ئەو رەخنەیان بە توندی رووبەڕوو کراوەتەوە کە بۆچی ئەو هەمووە بەرهەم و شاکارانەیان بە زمانی کوردی نەنووسیوە، چونکە ئەو بەرهەمانە بەپێی پێوەرە زمانی و ئەدەبییەکان هەرچەندە ناوەڕۆك و گەوهەری زۆریان کوردین و خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردستانیان ورووژاندووە، لەبەر ئەوەی کە بە زمانی فارسی نووسراون، ناچنە خانەی "ئەدبیاتی کوردی"یەوە.

رەخنەیەکی دیکە کە رووبەڕووی نووسەرانی کوردی فارسی نووسی کرماشان بۆتەوە، گشتیە و هەم لەلایەن بەردەنگانی فارس و کورد و رەخنەگرانەوە رووبەڕوویان بۆتەوە، ئەویش پێوەندیی بە شێوازی نووسین، گرتنەبەری رێچکەی ریالیزمی سۆسیالیستی، گوزارشت ئاسا، سیاسی و چریکی بوونی ئەدەبیاتی نووسین، هاوشێوەیی و هەروەها زاڵ بوونی فکری چەپ، چینی کرێکار و گرنگی دان بە ئەدەبیاتی گوند و دوورکەوتنەوە لە کولتوور و ئەدەبی شار، خۆ دوور خستنەوە لە گرێ و خەون و خولیاکانی تاك و گرنگی دان بە خەمە گشتییەکان و فیداکردنی هونەر و لایەنی ئەدەبییەتە لە بەرامبەر ناورۆکدا. جیا لە هەموو ئەو رەخنە و گازندانەی کە رووبەڕووی ئەو جۆرە لە ئەدەبیاتی داستانیی نووسەرانی کوردی کرماشان بۆتەوە، پێکهاتە و گەوهەری ئەو ئەدەبە خەم و دەردەکانی ئینسانی کوردن و هاواری راچەنینی نەداری، زوڵم و ستەمی چینی چەوساوەی کۆمەڵە کە لەژێر تەوژمی سیستەم و کۆمەڵگای فیۆدالیزم و نابەرابەریدا چەوساوەتەوە کە دەکرێ وەك بەشێك لە ئەدەبیاتی بەرگری و راپەڕینخوازانە لە قەڵمی بدەین.

**• قۆناغی "پیوار" (غیاب)ی ئەدەبی کوردی لە ئیلام و کرماشان:**

لە دەیەی ٥٠ی هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بەرەو ئەملا هەتا سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوی (١٩٩٠ی زایینی) کە جۆرێك لە کرانەوەی سیاسی و فەرهەنگی لە ئێران و کوردستان دەرەخسێ، لە کرماشان و ئیلام جیا لە کاری دەگمەن و تاك و تەرا و ناوبەناو، جموجۆڵێکی ئەدەبی و فەرهەنگیی ئەوتۆ بە زمانی کوردی بەدی ناکرێت، واتە ٢٠ ساڵ بە جۆرێك بێدەنگی و پەراوێز خران و بەدوور بوون لە جەریانە فکری و رۆشنبیرییەکان باڵ بەسەر ئەو دەڤەرانەدا دەکێشێ و ئەمەش بۆتە هۆی دواکەوتن و تەریك کەوتنەوەی ئەو ناوچانە و تێکەڵ نەبوون لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان وەك: پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا و جۆرێك لە نامۆیی، دوڕدونگی و لێك تێنەگەیشتنی رووکەش لە نێوان رۆشنبیراندا دێتە ئاراوە کە داو و دەزگا ئیتلاعاتی، ئەمنیەتی و فەرهەنگییەکانی دەسەڵاتیش پەرییان بەم رەوتە داوە و بە قازانجی خۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە کە بە زەرەری زمان و ئەدەبی کوردی شکاوەتەوە. ئەم لێك تێنەگەیشتنە لە ئاستی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی ئاساییشدا بە جوانی خۆی دەرخستووە. نەبوونی پێوەندیی فەرهەنگیی قووڵ و لە گشت گرنگتر زمانی پێوەر (یەکگرتووی)ی نووسین کە گرنگترین هۆکار و پردی پێوەندیی کولتوور و زاراوە جیاجیاکانی هەر زمانێکە، یارمەتیی بە لێڵی و شپرزەیی و بی ئاسۆیی زمان و ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام کردووە کە هەڵبەت لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانین و سیاسەتە قەدەغە و هەڵاواردنە سیستەماتیکەی کە حکومەت لە هەمبەر زمان و فەرهەنگی کوردیدا گرتوویەتە پێش.

**• قۆناغی سەرهەڵدانی ئەدەبی مۆدێڕنی کوردی:**

هەروەك پێشتریش باسمان کرد سەرەتای دەیەی ٧٠ی هەتاوی (١٩٩٢ی زایینی) قۆناغێکی گرنگ و گەلێك هەستیارە لە مێژووی زمان و ئەدەبی هاوچەرخی کوردی بەگشتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی لە کرماشان و ئیلام.

لەم قۆناغەدا کە هاوکاتە لەگەڵ شەپۆلی بیری فەلسەفی و ئەندێشە و جیهانبینیی مۆدێڕن، ئەم قۆناغەی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام لەژێر سێبەری زاڵی فکر و قۆتابخانە مۆدێڕنە و پێکهاتەشکێنەکانی ئەدەبی فارسی کەلە رێگای وەرگێڕانی دەقی بیانییەوە هاتوون، خۆی دەردەخات و لەلایەك دەیهەوێ بە تێڕوانین و ئاراستەیەکی نوێ پێناسەی کۆمەڵگا و ژیان و مرۆڤ بکات و لەلایەکی دیکەشەوە لەناو بازنەی نەریت، ئەدەب و زمانی کلاسیك و خۆماڵی و ناوچەییدا دەخولێتەوە. لەم قۆناغەدا نەوەیەك دەبێتە رچەشکێن و جڵەوی کاروانی داهێنانی ئەدەبی دەگرێتە دەست کە دوو خولیای سەرەکیی هەیە و هاوکات دەیهەوێ بە دوو زمانی جیاواز خەم و ئازار و کەتوارەکانی دەڤەرێکی گرنگ لە کۆمەڵگای کوردی لە دووتوێی ئەدەبدا بخاتە روو.

نەوەی داهێنەری ئەدەبی مۆدێڕنی کوردی لە کرماشان و ئیلام ئەزموونی شۆڕشی گەلانی ئێرانی هەیە و نەوەیەکی خوێندەوارن و زۆرێکیان خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ و خوێندنی باڵان و کەسانێکی جیدی و کونجکۆڵن و بە تێڕوانینێکی زانستی و ئاکادیمیانەوە لە پرسی نووسین و ئەدەبی دەڕوانن و بەرپرسیارێتیی ئەدەبی لەلایەن گرنگترین خەونە. نەوەی نوێ هاوکات لەگەڵ گرتنەبەری شێوازی نووسینی نوێ و خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەدەبی مۆدێڕن و پۆست مۆدێڕن، لەلایەکی دیکەشەوە خولیای ئەزموون نەکردنی قۆناغەکانی پێش خۆی و تێپەڕین لێیان لەباری زەمانیەوە بۆتە کەڵکەڵەی و دەیهەوێ هاوسەنگییەك لە نێوان ئەم دوو فکر و خولیایەدا دروست بکات. بۆیە "چالاکانی ئەدەبی و رەخنەگرانی شیعر و ئەدەبی هاوچەرخی ئیلام و کرماشان و لەو باوەڕە دان کە ئەدەبی کوردی لەو دەڤەرانە لە قۆناغی پۆست مۆدێڕندا لەدایك بووە"، بۆیە ئەرکێکی مێژوویی دەکەوێتە سەرشانی لەلایەك دەبێ قەرەبووی ٢٠ ساڵ نەبوونی حزوور و دواکەوتن لە رەوتی گشتیی ئەدەبی کوردی بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کەڵکەڵەی داهێنان و حزووری چالاك لەناو کۆمەڵگەی ئەدەبیی کوردستان و ئێران بەشێك لە هزری داگیر کردووە. بەرهەمی ئەم نەوەیە کە خاوەن وەها تێڕوانینێکە ئێستا گوتاری زاڵی ئەدەبیی کرماشان و ئیلامە و بەرەبەرە خەریکە رێچکە، پێناسە و فۆرمی تایبەت بە خۆی دەستەبەر دەکات. ئەم نەوەیە کە زۆربەیان زمانی کوردی، واتە زاراوەکانی (گۆران، کەلهوڕی، لەکی، فەیلی و بن زاراوەکانی دیکە) دەزانن و بەرهەمی پێ دەخولقێنن، هاوکات بە شێوەی زانستی لە زمان و ئەدەبی فارسی دەزانن و زۆربەیان لەناو کۆمەڵگەی ئەدەبیی فارسیشدا حزووری چالاکییان هەیە و هەندێکیان خاوەن دەنگ و سەنگی تایبەت بە خۆیانن. بەشێك لە نووسەر و ئەدیبانی کرماشان و ئیلام و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری بەهۆی جۆراوجۆر نیشتەجێی تاران و شارە فارس نشینەکانی دیکەی ئێران بوون و بەهۆی دوور بوون لە جوغرافیای شوێنی لەدایك بوونیان و زاڵ بوونی گوتاری زمان و ئەدەبی فارسی بەسەر ژیان و نووسینیاندا، بەرهەمە فارسییەکانیان لە کوردی زیاترە، کە دەتوانین ئاماژە بە کەسانێکی وەك: "رەشید یاسمی، دوکتور محەمەد عەلی سوڵتانی، عەبدولجەبار کاکایی، محەمەد رەزا کەلهوڕ، فەریبا کەلهوڕ، جەلیل سەفەر بەیگی، دوکتور میرجەلالەدین کەزازی، فەریاد شیری، کوورش هەمەخانی و فەرهاد حەیدەری گۆران و ..." بکەین.

لە بواری شیعری کوردیدا لەناو نەوەی نوێی نووسەرانی کرماشان دەتوانین ئاماژە بەم کەسانە بکەین کە ئەمڕۆ لە مەیدانی ئەدەبیدا کە کەسانێکی وەك: "فەرشید یووسفی، کەرەمڕەزا کەرەمی، محەمەد شەکەری، ئەحمەد عەزیزی، ئەحمەد جەلالی گۆران، سولێمان داوەند، ئەمانوڵڵا خان رەشیدی، وەلی رەزایی، عەلی ئەسغەر زەعفەرانی، کەیوومەرس عەباسی قەسری، عەبدوڵڵا مورادی (دلڕیش مایەشتی)، میرزا یووسف تاڵاندیشی" دەبینرێن کەلە نووسەران و چالاکانی ئەدەبیی دەیەکانی ٥٠ و ٦٠ی هەتاوین (١٩٧٠ – ١٩٨٠ی زایینی) و چالاکانی دەیەی ٧٠ی هەتاوی (١٩٩٠ی زایینی) ئەملا بریتین لە: "جەلیل ئاهەنگەرنژاد، عەلی ئۆڵفەتی، فەریاد شیری، سەعید عبادەتیان، عەلیڕەزا خانی، عەلیڕەزا جەمشیدی، عەباس جەلیلیان، شێردڵ ئیلپوور، ئەردەشیر کەشاوەرز، کوورش هەمەخانی، سەلاحەدین قەرەتەپە، ئیرج قوبادی، بێهرووز ئیبراهیمی، رەزا مەوزوونی، پەرویز بەنەفشی، رەزا یەعقووبی، ئەمین گەجەری، سەجاد جەهانفەرد (ژیار)، مەهوەش سولێمان پوور، پەریوەش مەلەکشاهیان، عەلی محەمەد محەمەدی، میهرداد محەمەدی، ئەمروڵڵا عەزیمی، مەنووچێهر کەمەری، عەزیزی، ئازەرپەیك، فەتاحیان، جەلیلی یەکان، شێرزادی، تەقی رەشیدی، یەدوڵڵا لوڕنژاد، سەید محەمەد پەروەر و دەیان کەسی دیکە."

**سەرچاوەکان:**

**.سلطانی، محمدعلی، حدیقه سلطانی – جلد سوم، تهران ١٣٧٩**
**.یوسفی، فرشید، زندگی‌نامه بزرگان کرمانشاه از سده‌ی اول تا سیزدهم. انتشارات باغ نی، ١٣٩١**
**.ماڵپەڕی تاقوەسان**
**فەلاح شەریف، پێگەی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام. لە کتێبی (ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بەرگی دووەم. سلێمانی ٢٠١٤**

# شەرەفکەندی، قارەمان یا پاڵەوان؟

جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

ڕۆژوێڵت سەبارەت بە شوێندانەر بوونی کۆمار دەنوسێ: "پەیدابوون و گۆڕانی کۆماری مەهاباد و مێژووی کورت و تۆفانییەکەی و لەنێوچوونی لەناکاوی، یەکێک لە ڕووناکترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە".

ڕووداوە مێژوویی و چارەنووسسازەکان هەمیشە بە دەست و هەوڵی خودی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگادا درووست دەبێت، جا ئامانجەکەی بۆ هەر مەبەستێک بێت لەلایەکەوە بۆ هەمیشە و هەتاهەتا لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەمێنێتەوە و دەبێتە سەرچاوە و وزەی شوناسبەخش بۆ ژیانی سەربەخۆیی ئەو نەتەوە و لەلایەکی دیکەوە هەستی شانازی و سەربەرزی لە نێوان تاکەکان بەهۆی پەیوەست بوونیانەوە بەو نەتەوە دروست دەکات. ئەگەر هەر تاکێکی کورد کە لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسییەوە دەگاتە تەمەن و بیرکردنەوەی "سەربەخۆیی تاکەکەسی"، بێ گومان بۆ پێناسەکردنی خۆی لە بەرانبەر باقی نەتەوەکانی دنیادا ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک بەڵگەیەکی مێژوویی دێنێتەوە و خۆی پێدەناسێنێت. باسکردن لە خاڵێکی گرینگی وەک دامەزرانی دەوڵەتێک ئەویش دەوڵەتی کوردی و بەتایبەتی‌تر لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و گرفت، خۆی هەڵگری شرۆڤە و لێکدانەوەیەکی زیاتر و کارناسانەیە.

لێرەدا دەمانهەوێ باس لەوە بکەین کە جیا لە بەها و نرخە نەتەوەییەکان و تا دوایی ... زۆر جار هەیە، هەبووە و دەبێت، کە قارەمانەکانی نەتەوەیەک دەبنە سیمبۆلی شۆڕش و بەرخودان. ئەگەرچی دەبێ ئەوەش بڵێین کە قارەمانەکانی یەک نەتەوە لە هەر بوارێکدا کە توانیبیان ناویان دەربکەن لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە وەک "شانازیی نەتەوەیی" باسیان لێدەکرێت و لە بیاڤی پەروەردە و بارهێناندا وەک وانە دەوترێنەوە.

لە ڕاستیدا خودی وشەی "شۆڕش" (انقلاب) واتە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ناوەڕۆکدا؛ ئەوەش پێویستی بە هەندێک هۆکاری تایبەتی و گشتی هەیە کە هۆکارە تایبەتییەکە ئەوەیە سەرتاسەری شۆڕشەکانی مێژوو بە دەست کەسانی نوخبە و زانای کۆمەڵگای نێوخۆی خۆیان کراوە جا ئەم کەسانە لە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگا بن و بە هەر جۆرە بیرۆکەیەک.

بۆ ئەوەش پێویست دەکات ئەوە باس بکەین کە شۆڕش ئەو کەسانەی کە بەفەرمی تێیدا بەشدار دەبن زیاترین ئەرکیان لە ئەستۆیە و باقی خەڵکی دیکەش دەبێ یارمەتیدەربن بۆ گەیشتن بە ئامانج هەر وەک دوکتور قاسملوو دەفەرمێت: "شۆڕش خۆی بە ئاسانی دەست ناکەوێ ودەبێ هەموو خەڵک بەشدار بن و یارمەتی بدەن".

هەروەها نابێ لەبیر بکەین کە سیمبولەکانی نەتەوە، یان ڕێبەرانی دامەزرێنەری بناغەی ئازادیی نەتەوە، ئەو سیمبول و کەسایەتییانەن کە هەر بەزیندوویی لە ویژدانی تاکەکانی نەتەوە دەمێننەوە و لەکاتی پێویستدا دووبارە هەمان فکر بە زیندوویی وەك فکرێکی پێویست دەبێتە ڕێگەنیشاندەر بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئازادی و قوربانییەکانی نەتەوە لە پێناوی ئازادیدا بکەین.

بۆ نموونە، لە کوردستاندا، جیا لە کۆماری کوردستان کە پایەی گەیشتووەتە ڕێبەرانی دامەزرێنەری بیری نەتەوەیی کوردستان، لە هەمانکاتدا وێستگەکانی تەمەنیشی خۆی بەتەنیا قوتابخانەیەکی جیاوازە بۆ دەوڵەمەندکردن و دووبارە پێناسەکردنەوەی بیری نەتەوەیی لە سەردەمێکی جیاوازدا. ئەمەش مانای ئەوەیە بیرکردنەوەی دامەزرێنەرانی کۆمار تەنیا ڕامانێکی سەرپێیی نەبووە لە فیکری سەرکردەکانی پێش خۆی، بەڵکوو هەوڵی داوە کە خۆی ببێتە کاراکتەرێکی چالاک بۆ داهێنانی چەمک و شێوازی تازە بۆ نوێکردنەوەی شێوازی خەبات و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە سەردەمی خۆیدا نەتەوە ڕووبەڕووی کردووەتەوە.

لەم نووسراوەیەدا و لە ساڵڕۆژی تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی باسێک لە سەر ئەو ڕێبەرە بیرمەند و گەورەیەی کورد دەکەین کە جیا لەوەیکە ڕێبەری شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە لە بواری کۆمەڵناسییەوە وەک "شانازیی نەتەوەیی" پێناسە دەکرێت و نەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڵکوو هەموو نەتەوەی کورد هەستی ئۆگرییان بەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕەوە هەبێت.

ئەگەر بمانهەوێ باسی شەرەفکەندی بکەین جیا لەوەیکە لە توانای کەسێکی وەک من دانیە؛ تەنیا ئێمە بە کورتی و ناکامڵی لێکدانەوەیەک بۆ لێهاتوویی و گەورەیی ئەو کەسایەتییە دەکەین کە هەنووکە لە سینگی مێژوودا ماوەتەوە و میراتی ئازادی و کۆڵنەدانی بۆ درێژەپێدەرانی خۆی تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی بەجێهێشتووە.

ئێمە کە باس لە کەسێکی وەک دوکتور شەرەفکەندی دەکەین یەکەم جار بە کەسێکی شۆڕشگێڕی دەناسین و ئەو وێنایە لە مێشکمان دروست دەبێت کە کەسێک بووە جیاواز لە هەموو تاکەکانی دیکە هاتووە تاکوو گەلێک ڕزگار بکات و دواتر جڵەوی ژیان بداتە دەست خەڵکی خۆی.

لەڕاستیدا شەرەفکەندی زیاتر لە بیرێکی ئیدئالیستی، ئەو ڕێبەرە کەسێک بووە کە لە مانای ڕاستەقینەی خۆیدا بوونی هەبووە؛ نە ئەوەیکە ئێمە وێنای بکەین و خۆمان بە قارەمانێکی خەیاڵی بۆخۆمان دیاری بکەین، ئەو هەبووە؛ بێ ئەوەیکە خەیاڵبافی بۆ بکەین. شەرەفکەندی بۆ مانای شۆڕشگێڕبوونی لە پێناسەی گشتی‌دا کەسێک بووە کە نەتەنیا بووەتە سیمبول و قارەمانێکی نەتەوەیی بەڵکوو وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ کاریگەریی گشتیی لە سەر کۆمەڵگای خۆی هەبووە و ڕەهەندەکانی هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەی خۆی خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە بۆیە تاکی کورد ناتوانێت خۆی لە ڕاستییەکانی ژیانی ئەو کەسە بێبەری بکات.

جیا لەوە پێویستە ڕێبەرێکی وەک دوکتور سادق شەرەفکەندی لە باری کردەوە و عەمەل، مودیرییەت، بڕشت و لێهاتووییەوە بەشێوەیەکی زانستی شرۆڤەی بۆ بکرێت. کەسانێکی ڕۆژنامەنووس، نووسەرەکان، بیوگرافیستەکان کە لە نزیکەوە دوکتور قاسملوویان ناسیوە باس لەوە دەکەن: " قاسملوو ئۆگری توندوتیژی نەبوو بەڵام لە توندیش هەڵ نەدەهات".

هەر ئەو کەسە نزیکانە بۆ شرۆڤەی ئەو وتەی قاسملوو دەڵێن کە دوکتور قاسملوو بۆ بەرگری لە خۆی و نەتەوەکەی ناچار پەنای بۆ توندوتیژی بردووە نەک بە ویستی خۆی، ئەوەش لە کردەوە و عەمەلی ئەودا ڕەنگی داوەتەوە و تەنانەت دوژمنەکانی ئیعترافیان بەوە کردووە کە قاسملوو شەڕخواز نەبووە.

هێنانەوەی نموونەی دوکتور قاسملوو بۆ ئەوەیە کە دەمانهەوێ باس لەوە بکەین، شەرەفکەندی کەسێکی کردەیی و بەبڕشت بووە و لە بەرانبەر دوژمنی خۆیدا ئەگەرچی هەموو یاسای شەڕی پاراستووە بەڵام بەوپەڕی هێز و تواناوە دژی دوژمن وەستاوەتەوە.

وتە و نوسراوەکانی ئەو ڕێبەرە ناودارە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە شەرەفکەندی تاکتیکی شەڕی دوژمنی ناسیوە بۆیە هەمیشە باسی لەوە کردووە کە پێشمەرگەکان دەبێ هەر شوێن و جێگایەک کە دوژمن بەمەبەستی شەڕ کەڵکی لێوەردەگرێت لەناوی ببەن.

مەسەلەیەکی زۆر گرینگ کە بیرمەند و خاوەنڕای گەورە باسیان لە سەر کردووە ئەخلاق لە سیاسەت دایە. مەسەلەیەک کە دوکتور قاسملوو باسی لە سەر کردووە و بابەتی لە بارەیدا نوسیوە.

ماکس وێبێر لە کتێبی "دانشمند و سیاستمدار"دا دەڵێت: دو جۆر ئەخلاق هەیە، "ئەخلاقی ئیدئۆلۆژیک یا عەقیدەتی" و "ئەخلاقی بەرپرسانە". لە بنەمادا هەر چالاکییەک کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات لەو دوو جۆرە تێپەڕ نابێت. لە ئەخلاقی یەکەمدا مرۆڤ هەر کارێک کە دەیکات خۆی لە بەرانبەر خودا وەڵامدەر دەزانێت بۆیە هەر کارێک بیکات "توجیە" دینی بۆ دێنێتەوە و زۆربەی ئەو کەسانە و ئەو نیزامە سیاسییانەی لە سەر بیرێکی وا دامەزراون، دەست بۆ هەر کارێک دەبەن.

بەڵام لە ئەخلاقی بەپرسیارانەدا مرۆڤ خۆی لە بەرانبەر خەڵکدا وەڵامدەر دەبینێتەوە بۆیە جۆرێک ڕەفتار دەکات کە لۆمە نەکرێت و قەزاوەتی خەڵک لای ئەو کەسە بەهای هەیە.

شەرەفکەندی ڕاست ئەو ئەخلاقەی دووهەم لە بەرانبەر ڕێژیمێکدا کە بە تەواوی هێزەوە عەقیدەتییە پیادە دەکات و دەگرێتە بەر. ئەوەیە کە ڕۆحیەی شۆڕشگێڕی ئەو ڕێبەرە گەورەیە هێز لە جەستەی مرۆڤ دەداتەوە و وەکوو ڕزگاریدەرێک خۆی لە نێو خەڵکی خۆیدا دەناسێنێت.

هەر لە بواری ئەخلاق لە سیاسەتدا دەبێ باسی ئەوە بکەین شەرەفکەندی زۆر جیاواز لە قارەمانێک بوو کە خەڵکی ئاسایی مانای دەکەنەوە، شەرەفکەندی پاڵەوانێک بوو، ئەو جیاواز لە قارەمانێک بوو کە هەر کارێک دەکات تا بە ئامانجی خۆی بگات و بتوانێت ناوبانگێک بۆخۆی دەر بخات، ئەوەش ڕاست ئەوەیە کە "ئەخلاقی لە سیاسەتدا" ناسیبوو و پێڕەوی لێدەکرد.

بۆیە دەتوانین بە بێ‌دوودڵی باس لەوە بکەین کە کاتێک دەڵێین: "شەرفکەندی شکۆیەک لە باوەڕ و پێناسەیەک بۆ خەبات" لە جێگای خۆیدا بەکارمان هێناوە، چونکە ئەو، هەموو بەها بەنرخەکانی وەک: "مرۆڤایەتی، بەخشندەیی، جوامێری، وەفادار بە بەڵێنەکانی، شەڕ دژی زوڵم و زاڵم، لە خۆبوردوویی، توانایی و خۆشەویستیی خەڵکەکەی" لە ژیانی‌دا هەبوو بۆیە ئەو پاڵەوانێکی بێ وێنە و ڕاستەقینە بوو.



دوکتور شەرەفکەندی شۆڕشگێڕێکی ڕووت بێت یان پڕاگماتیست، ئازادیخواز بێت یان ڕزگاریخواز، ڕێبەر بێت یان مودیر ئەمڕۆکە هەزارن لاو لە کیژ و کوڕی بیری شۆڕشگێڕانەی ئەو کەسەیان نەتەنیا بۆ شەڕ دژی زوڵم و زۆرداری بەڵکوو بۆ ژیانی خۆیان کردووەتە نموونە.

ژیان و کرداری دوکتور شەرەفکەندی لە ماوەی ڕێبەری کردنی شۆڕشدا، چیرۆکێک نییە کە خۆت یا هەر تاکێکی دیکە دایڕشتبێت و تەنیا لە نێو لاپەڕە نووسراوەکاندا مانای هەبێت و هەست و ورە بە ژیانی مرۆڤ ببخەشێت، بەڵکوو ڕەوتی ژیانی ئەو کەسە ئیمانێک بە کەسانی تێکوشەر و شۆڕشگێڕ دەبەخشێت کە مرۆڤ دەتوانێت لە بێ‌هیوایی و نائۆمێدی ڕووناکییەک بۆ داهاتووی خۆی بدۆزێتەوە، ئەوەیە فەلسەفەی کرداری شۆڕشگێڕانەی شەرەفکەندی.

دوکتور شەرەفکەندی شۆڕشی لە ئازادی ڕووت و بێ بەهرەدا کورت نەکردووەتەوە، ئەو هەمیشە وا بیری کردووەتەوە و پێشمەرگەی وا تێگەیاندوە کە دەبێ ئازادی و شۆڕش بەردەوام ڕووی لە "داهێنان و نوێبوونەوە" بێت، ڕاستی ئەو کردارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەپرسیارەتی لای دوکتور شەرەفکەندی تەنیا لە وشەدا قەتیس نەماوە بەڵکوو ئەو، کەسانێکی وەک بەرپرس قەبووڵ کردووە کە خۆیان پێشەنگی کۆمەڵگای خۆیان بن تا بتوانن خەڵکی خۆیان بە قەناعەت بگەیەنن.

کارل مارکس یەکێک لە گەورەبیرمەندانی جیهان باس لەوە دەکات کە ڕوودانی شۆڕش پرۆسەیەکە پێشی پێ ناگیرێت و بە خواست و بێ خواستی هەر نیزامێک شۆڕش ڕوو دەدات و شۆڕشی وەک "شەمەندەفەری مێژوو" وەسف کردووە. بەپێی ئەو پێناسەی مارکس دەبێ وا بڵێین و خۆ ئامادە بکەین کە بۆ ئێستای خەبات دژی ڕێژیمێکی وەک ئێران، پێویستە بۆ چالاکترکردن و بەهێزکردنی خەبات لە بیر و ئیدئۆلۆژی کەسێکی وەک شەرەفکەندی خۆمان بێبەش نەکەین و کار و کرداری ئەو ڕێبەرە وەک سەرباشقەی خەباتی خۆمان بەپێی هەلومەرج دابڕێژینەوە.

یەکێک لە مەسەلەکان کە لە کەسایەتی دوکتور شەرەفکەندی‌دا بەرچاو بوو هەستی نەتەوەیی و هەستی ئازادیخوازی بوو. هەستی نەتەوەیی لای ناوبراو تەنیا غرورێکی دوور لە لۆژیک نەبوو کە بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی بیر و ئارەزووی خۆی بەدەست بێنێت، ئەو هەستی نەتەوەیی بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵگای کوردستان، مانا دەکرد تاکوو ئەم کۆمەڵگا دوور بێ لە پێناسە دەسکرد و داسەپاو و دەرەکییەکان.

دوکتور سادق شەرەفکەندی نموونەی کەسێکە کە پێناسەی شۆڕشگێڕبوون پڕ بە باڵایەتی؛ چونکە بە تێکۆشان و لێهاتوویی خۆی سەلماندی کە بەختەوەریی مرۆڤێک بەتایبەت ئەگەر ناو و ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی هەڵبژاردبێت تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە تەنیا ئامانجێکی دیاریکراو بەدی بێنێت و دواتر دەست بکێشێتەوە بەڵکوو هونەری ژیانی کەسێکی شۆڕشگێڕ ئەوەیە نەتەنیا "جووڵە و واتا" بە ژیان ببەخشێت بەڵکوو تا کۆتایی ژیانی ڕۆحیەی شۆڕشگێڕبوونی تێدا هەبێت.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە ئۆگری و هەوڵدان بۆ ئازادی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بیرێکی زیندووە و بەپێی ئەرک بۆ ڕزگاری و بەپرسیاربوون لە بەرانبەر خەڵکی خۆتدا دەبێ درێژە بە خەباتی خۆت بدەی و سیمبۆلەکانی خۆت بۆ ڕزگاری دەسنیشان بکەی.

هەروەها دەبێ بەشێکی گرینگی پرسی سەربەخۆیی تاکی شۆڕشگێڕ لە بواری فکری و کردەیی‌دا بۆ پەرەپێدانی ڕۆحیەی شۆڕشگێڕبوون لە سەر بنەما و ڕەگەزەکانی دێموکراتیک، بەهێزکردنی وەفاداری و پابەندبوونی سیاسیی تاکەکان بە ڕێباز و ئامانجەکانیان و سەرمەشقدانانی ڕەفتاری ڕێبەرەکانمان بۆ کار و کردەوەمان بگەڕێتەوە.



# ئەحمەد شێربەگی:

## دوکتور سەعید پێی وابوو کە هەر بەشێکی کوردستان ڕزگاری بێ، کارتێکەری خۆی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێ



**بە بۆنەی ٢٥ـەمین ساڵرۆژی شەهیدانی بێرلین لە لایەن دیپلۆمات تێرۆریستانی نێردراوی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژێکی لەگەڵ "ئەحمەد شێربەگی" بێژەری بەناوبانگی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران پێک هێناوە کە دەقی ئەم وتووێژە بەم چەشنەیە:**

وتووێژ: سەلیم زەنجیری

**پ: جەنابت ماوەیەکی زۆر لە گەڵ دوکتۆر سەعیددا کارتان کردووە، لە تایبەتمەندییە کەسییەکانی د. سەعید بۆمان باس بکە؟**

**و:** سەرەتا سڵاو لە گیانی پاکی دوکتور سەعید وهاوڕێیانی. کاك دوکتور سەعید وەك کەسێکی دیارو بەرچاوی ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی گەلێك ئاکار و کردەوەی تایبەت بە خۆی بوو کە ئەویان لە گەڵ زۆر کەسی دیکە جیا کردبووە. شانازی کردن بە شوناسی نەتەوەیی، سادە ژینی، تەواوزع، خاکی بوون، جیاکردنەوەی دۆستایەتی وهاوڕێیەتی لە یەکتر، ڕاشکاوی لە بەیان و کرداردا، بێ ڕیایی، ڕەچاوکردنی ئەخلاق و نان بە قەرزنەدان بە هیچ کەس ولایەنێك، پاراستنی قازانجی گشتی لەسەرووی قازانجە تاکەکەسیەکان، بوێری و نەترسی و زاڵبوون بە سەر ترس و خۆنەدۆڕان لە کاتی تەنگانەدا، باوەڕ بەخۆبوون، وەسواس لەکارکردن دا، شێوازی مودیرییەتێکی دروست لە جەریانی بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبیدا، پێکهێنانی فەزایەکی ئارام و دۆستانە هاوڕێ لە گەل نەزم و دیسیپلین لە ژینگەی کاری، ڕاوێژو پرس و ڕا، ڕەخنە قەبووڵکردن و دانپێداهێنان بە هەڵە و هەروەها بەردەوامی و ماندوونەبوون لە کار و ...هتد ببوونە هۆی ناساندنی زیاتری دوکتور سەعید لە ناو ڕیزەکانی حیزب دا.

**پ: فەرمووتان گەلێک ئاکار و کردەوەی تایبەت، د. سەعید لە ڕێبەرانی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەگەر بکرێت بە دیاریکراوی ئەو جیاکارییە باس بکەن؟**

**و:** وەڵامدانەوە بەو پرسیارە تا ڕادەیەك سەختە. چوونکە هەر ڕێبەرێك لە کوردستان خاوەنی کەسایەتی وتایبەتمەندی خۆیەتی. بەڵام ئەوەندەی دەزانم کە وێنەی وەك دوکتور شەرەفکەندی لە ناو ڕێبەرانی کورددا دەگمەنە کە ئەم هەموو تایبەتمەندیانە لە خۆی بگرێ کە لە پرسیاری یەکەمدا ئاماژەیانم پێکرد. بناخەی هزری دوکتور شەرەفکەندی لە سەر بنەمای ناسیونالیزمێکی مودێرنی عەقڵانی، واتە هزری داڕێژراو بوو و ناوبراوی لە بازنەی ئێحساسی دا قەتیس نەهێشتبووە. ئەو خوێندنەوەیەکی نوێی لە سەر داگیرکەرانی کوردستان و ئۆپۆزیسیونی ئێرانی هەبوو. هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی وەك سکرتێر ئەو سیاسەتەی هێڵ بەندی کرد و بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە لە جیاتی بەرەکانی داهاتوو بڕیار نادات. نەچووە ژێر باری ئەوەیکە کوردستان لە داهاتوودا ببێتە بەشێك لە ئێران و مافی سەروەری و هەڵبژاردنی بۆ گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان گەڕاندەوە کە لەگەڵ ئێرانی دوای نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بمێنێتەوە یان نها؟ لە کۆتا قسەدا کاك سەعید ڕێبەرێك بوو بۆ هەموو سەردەمەکان، دەکرا گەلی کورد لە تواناکانی بۆ ڕێبەریی کردنی بزوتنەوەیەك لێی بەهرەمەند بێ.

**پ: چ شتێک یان تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی دوکتۆر سەعید زیاتر کاریگەریی لە سەر جەنابت هەبوو؟**

**و:** لە پرسیاری یەکەم دا ئاماژەم پێدا کە کاك دوکتور سەعید خاوەنی گەلێك تایبەتمەندی بەرز بوو کە هەموویان لە سەر کەسایەتی من شوێندانەر بوون و لە ژیانم دا ڕەنگیان داوەتەوە. کاك سەعید فێری کردم شانازی بە ناسنامەی کورد بوونم بکەم، کورد و هەروەها مرۆڤم خۆش بوێ. باوەڕم بە تواناکانی خۆم هەبێ، ژیان سادە بکەمەوە، لە کاتی تەنگانەدا ورەم نەڕووخێ و ترس دەستەمۆ کەم، ڕێز لە بیروبۆچونی لایەنی بەرامبەرم بگرم، دان بە هەڵەکانم دابنێم و لە کوتنیان نەترسێم و هەوڵی ڕاستکردنەوەیان بدەم، ئەمانە و زۆری دیکە، لەم دەرسە بەنرخانە بوون کە شانازی ئەوەم هەبوو لە ماوەی ئەم ١٥ ساڵ هاوڕێیەتییەدا لە گەڵ کاك دوکتور سەعید فێریان بم و لە ژیانمدا ڕەچاویان بکەم.

**ڕوانگەی د. سەعید لە سەر مرۆڤی شۆڕشگێر چی بوو یان پێناسەی ئەو بۆ شۆڕشگێڕ چ بوو؟**

دوکتور سەعید پێی وابوو کەسێکی شۆڕشگێر نابێ ژیانێکی ئاسایی هەبێ. مرۆڤی شۆڕشگێڕ لە گەڵ مرۆڤێکی ئاسایی جیاوازییەکەیان لە هەلبژاردنی شێوەی ژیانیان دایە. شۆڕشگێر بەو کەسە دەڵێن کە کردەوەی شۆڕشگێرانەی ببێتە هۆی شوێندانانی ئاڵۆگور لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگا. پێشمەرگەیەك کە چەکی کردۆتە شانی، دەبێ بزانێ ئەو چەکەی بۆ چ مەبەستێك هەڵگرتووە و ئامانج لە هەڵگرتنی چییە. لە ڕوانگەی کاك سەعیدەوە شۆڕشگێڕبوون لە گەڵ قانونمەندبوون جیاوازی هەبوو. کەسی شۆڕشگێر بەر لەوەی بیر لە قازانجی تاکەکەسی بکاتەوە، دەبێ قازانجی گشتی لەبەر چاو بێ. کاك سەعید نموونەیەکی بەرچاوی مرۆڤێکی شۆڕشگێر بوو کە لە هەستان و دانیشتن و گوتارو نووسینەکانی دا بە تەواوی ڕەنگیان دابوویەوە.

**پ: دوکتۆر سەعید چۆن جێگرەوەیەک بوو بۆ د. قاسملوو؟ چۆن توانی بۆشایی بێ قاسملوویی لە حیزبی دێموکرات دا پڕ بکاتەوە؟**

**و:** بەڵێ کاك سەعید جێگرەوەیەکی شیاوی دوکتور قاسملووی مامۆستای بوو. ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو سینگە پاکەکەی بوو بە قەڵغانی گولـلە و دڵی لە ترپە وەستا، کاك سەعید دەیزانی چ بەرپرسایەتییەکی قورسی کەوتۆتە سەر شان، شەڕی ئێران وعێراق ڕاوەستابوو. شەهید کرانی دوکتور قاسملووش کەلێنێکی گەورەی خستبووە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر بۆیە کاك دوکتور سەعید بە هۆی ئیمان بە ڕێباز و باوەڕێك کە بە تواناکانی خۆی هەیبوو زۆر لێبڕاوانە و شۆڕشگێرانە لە پەیامێکی کورتی بێسیمی دا کە بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی نارد، نووسی: "دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو، سکرتێری حیزبەکەمان چووە نێو کاروانی شەهیدانی کوردستانەوە، خەبات درێژەی هەیە." ئەم ڕستەیە هەرچەند لە ڕواڵەت دا کورت بوو، بەڵام پرناوەرۆکترین ڕستە بوو کە هەڵگری بیروباوەڕێکی قوول بەو ڕێبازە بوو کە دوکتور قاسملوو گیانی لە پێناویدا بەخشی. ئەمە بوو بە داینەمۆی حەرەکەتێکی شۆڕشگێرانە لە ناو حیزبدا. کاك سەعید بەم چەند وشە سادەیە هەموو ئەندامانی حیزبی ئەرکدار کرد کە شۆڕش لە هەموو بوارەکانی خۆیدا درێژەی هەیە. ئەمە یانی کاری زیاتر وبەردەوامی زیاتر، یانی هەر تاکێکی ناو حیزب بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە دەبێ ببێتە قاسملوویەك. هەر بۆیەش لە ماوەیەکی کەمدا ماتۆری بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە تەنیا لە حەرەکەت نەوەستا، بەڵکوو زیاتر لە جاران جووڵەی بەخۆیەوە دی، بەجۆرێك کە بێ قاسملوویی بە حیزبەوە دیار نەبێ. ئەمەش وای کرد لێکدانەوەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لەمەڕ سەرکوت کردنی بزووتنەوەی کوردستان پێچەوانە دەرکەوێ. دوکتور سەعید لەم پێیەدا مایەیەکی زۆری لە خۆی دانا. کاتێ بوو بە بەرپرسی یەکەمی حیزب، وەك هیندێك ڕێبەر خۆی لە پرس و ڕاوێژ و بیروبۆچوونەکانی ئەندامانی حیزب بێ نیازو بێ منەت نەدی، بە حەوسەلە و تاقەتێکی کەم وێنە و بە ڕاوێژ و گوێدان بە نەزەراتی هەموو لایەك، توانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی و داگیرکەر دیسان تووشی بێ هیوایی بکاتەوە.

**پ: ڕوانگەی نەتەوەیی د. سەعید بە تایبەتی لە هەمبەر باشووری کوردستاندا چۆن بوو؟**

**و:** هەمووماندەزانین کە کاك دوکتورسەعید دێمۆکراتێکی چەپ، بەڵام نەتەوەییخواز بوو. لەمبارەوە باوەڕێکی تەواوی بە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی کوردستان هەبوو. لەو جێگایەی پێویست بووە قازانجی نەتەوەیی وە پێش قازانجی حیزبایەتی داوە، دیارە لەم ڕێگایەش دا باجی بۆ داوە. زۆرجار ئەو کاتەی بەرپرسی یەکەمی حیزب بووە و ڕێبەرایەتی حیزبی لە ئەستۆ بووە بە بێ ترس و بە ئاگاهییەوە یارمەتیی ئەو بەشەی کوردستانی داوە کە پێوستیی بە یارمەتی حیزبی دێمۆکرات هەبووە. لە پێشاژۆی ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستان دا کاك سەعید بە شێوەیەکی زۆر شۆڕشگێرانە بە پارە و بە ناردنی چەك وتەقەمەنی لەسەرخستنی باشووری کوردستاندا ئەرکی نەتەوەیی خۆی بەجێ گەیاندوە کە بۆ ئەمەیان بەڵگەی کۆنکرێت هەیە. دوکتور سەعید پێی وابوو کە هەر بەشێکی کوردستان ڕزگاری بێ، کارتێکەری خۆی لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان دەبێ، لەڕوانگەی دوکتور سەعیدەوە "حیزب" ئامرازێک بوو بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی. بۆیە قازانجی نەتەوەیی لە سەرووی قازانجی حیزبایەتیدایە و هەوڵ و یارمەتیدانیشی بە باشووری کوردستان هەر لەم ڕاستایەدا بوو .

**پ: دەکرێ بیرەوەرییەکی خۆتان لە گەڵ د. سەعیدمان بۆ باس بکەن؟**

**و:** لە ڕاستی دا ١٥ سال کارکردن لە گەڵ کەسایەتییەکی بەرزی وەك کاك سەعید زۆر بیرەوەریی تاڵ و شیرین لە خۆی دەگرێ. کە ئاماژە بە هەرکام لەم بیرەوەریانە، دەرس و ئەزمونێکی دەوڵەمەندە بۆ هەرتاکێکی کورد. من زۆر بە کورتی باسی ڕووداوێك دەکەم کە دوکتور سەعیدی گەیاندە چڵەپۆپەی ڕێبەرێکی چاونەترس و ڕۆڵەی ڕۆژی تەنگانە. ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی، لە گوندی "گەورە دێ" ی ناوچەی شینکایەتیی باشووری کوردستان جێژنی دامەزرانی حیزب بەڕێوە چوو. شەوی ٢٦ی گەلاوێژ، کاتژمێر یەک و هەڤدە خولەکی نیوەشەو لە پڕێک بوو بە گرموهۆڕ! بارانی ئاگر و ئاسن بەسەر بنکە و بارەگاکانی دەفتەری سیاسی دا دەباری، زێدەڕۆیی نابێ ئەگەر بڵێم لە خولەکێکدا دەیان گولـلە تۆپ، خۆمپارە و مووشەکی کاتیوشا دەهاتنە خوارێ، تەنانەت ڕێژیم لە چەکی فۆسفۆریش کەڵکی وەرگرتبوو. یانی کۆماری ئیسلامی دەیهەویست زەبرێکی کاریگەر و قەرەبوونەکراو لە حیزب بوەشێنێ، بەڵام نەخش و ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەی کاک سەعید لەم کاتە هەستیارەدا دەرکەوت. لەم ساتەدا کە دنیا ببووە ئاگر و دارو بەرد دەسووتا، لە ژێر ڕەهێڵەی ئەم ئاور و ئاسنەدا کاك دوکتور سەعید پەناگا بە پەناگا دەگەڕا و ڕێنوێنی پێویستیی لە مەڕ پووچەڵکردنەوەی ئەسەراتی چەکی فۆسفۆری دەدایە هاوڕێیان. بوونی کاک سەعید لەم کاتەدا وەکوو شوورەیەکی پۆڵایین وابوو. هیوا بە ئاسۆی سەرکەوتن و دوارۆژێکی ڕوونی لە ناو ئەندامی حیزبیدا زیاتر دەکرد. کاک سەعید بێگومان وەکوو هەموو ئینسانەکان ترسی لە دەروونٌدا بوو، بەڵام باری بەرپرسیارەتی و هەستی شۆڕشگێڕیی وای لێکرد بێ هەڵوێست نەبێ. هەربۆیە ئەوێ شەوێ بێ ئەوەی خۆی بدۆڕێنێ و ورە بەربدات، بەسەر ئەم ترسەی‌دا زاڵ ببوو و دەیزانی چۆن هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکات. ئەمە مشتێک بوو لە خەروارێک لە ئازایەتی وچاونەترسیی کاك دوکتور سەعید، ئەگینا دوژمن هەر بەوەندە نەوەستاوە و سەدان پیلانی دیکەی بۆ زەربەلێدان لە جووڵانەوە گێڕاوە کە لە زۆربەیاندا کاک سەعید بە ئازایەتی بەرپەرچی پیلانەکانی داوەتەوە.

**پ: چۆن دەتوانین قوتابییەکی بەئەمەگی ڕێبازی بین؟**

**و:** هەر ڕێبەرێك ڕێبازێکی فکری هەیە. کاتێ دوکتور قاسملوو شەهید بوو، کاك سەعیدی نەمر بەڵێنی دا یان لەم ڕێبازەی دوکتور قاسملودا سەردەکەوێ، یان وەك دوکتور قاسملوو شەهید دەبێ و لە تەنیشتی ئەو رادەکشێ. دیتمان چون کاك سەعید ئەم پەیمان و بەڵێنییەی بردە سەر و وەفاداری ڕێبازی مامۆستاکەی مایەوە. بێگومان کاك دوکتور سەعیدیش لە ڕێبازیدا زیندوویە وئەگەر ئێمە بمانهەوێ ڕوحی نەسرەوتووی ئارام کەینەوە و لە ویژدانی خۆماندا بە زیندوویی ببینینەوە، دەبێ ئەو ڕێبازە فکریە کە ناوبراو لەمەڕ وەدیهێنانی ئامانجی گەورەی نەتەوکەمان گیانی بۆ بەخشی، ئێمەش بە لێبڕاوی و بە شێلگیری بیگرینە بەر و هەتا وەدیهاتنی ئامانجەکانی، لە ڕێگا و ڕێبازی لانەدەین. سڵاو لە گیانی و لە ڕێگا و ڕێبازی.

# کە ڕێبەرم



پێکرا لە شانی سەنگەرم
لە زێدی بوون
سەدان قوتابی دەرچوون

کە دەفتەرێ
سووتا لەئاوری قین دا
لە گڕێن پەڕاو
گەلێک قەڵەم هەڵچوون

کە گوڵ کوژا
لە مێرگەڵانی نیشتمان
لە بەژنی ژین
هەزار چڕۆ پشکووت

کە خوێن پژا
بە کاکێشانی ئاسمانا
چیها!!
ئەستێرەهەڵهات، مانگ ئەنگووت
کە شەوبەزێ
لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
خۆرهەڵدێ
شاخ دەگرێ، شار جمەی دێ
شار جمەی
دێ



کاتێک زانییان
دڵت پاپۆڕی ئەوینەو،
بۆ گەیشتن بە
بەندەری خۆشەویستی
دەریاری شەختە و
سەهۆڵ ئەبڕی
هاتن سینگتیان
هەڵدڕی
«جەلال مەلەکشا»



سەربەخۆیی گەلێ ساڵە خـــــەونی دایکـــــی نیشتمانە
کۆڵەکەی ئەم خەون و خۆزگە، خوێنی سووری شەهیدانە

ڕۆحی شەهید قەت ناسرەوێت، تاکوو گەیشتن بەم ئاواتە
هەتا دوایین دڵۆپـــــی خوێن، هەدا نادەین لـــەم خەبـــاتە

دوژمنانمان سەر شووڕ دەکەین بە خەبات و بە گشتپرسی
ڕۆڵەی کوردی ئازا و دلێر، پاشگەز نەبی و قەت نەترسی

ڕاپرسی و سەربەخۆیـــــی هەلـــــی زێڕینە بۆ کوردان
پاش هەزاران ساڵی ڕەشمان، چرۆ دەکات دار ئاواتمـان

لاوی زانا واژۆی دەکات سەربەخۆیی پڕ بە هەستـــــی
ئاڵای وڵات دەشەکێنێت، پاش مێژوویەکی بندەستـــــی

لە پێنـــاوی ئەم ئاڵایە هەزاران سەر چوونە ســـــەردار
ئەو ڕۆژەی هات هاواری کورد لە شاخەوە بگاتە شار
(کۆچەر)

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan No:709 22 Sep 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


